# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# کردە و میکانیزمی "دەرخستن"ی ڕوانگەی بیرڕۆنان لە ڕۆمانەکانی "جەمال جەبار غەریب"دا: توێژینەوەیەکی ڕەخنەی هۆشەکییە

م.ی فرمێسک موسلح موحەمەد
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەددین
frmesk.mohammad@su.edu.krd

پ.د موحسین ئەحمەد عومەر
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی زمان
زانکۆی سەڵاحەددین
mohsen.omer@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کردە و میکانیزمی 'دەرخستن'ی ڕوانگەی بیرڕۆنان لە ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریبدا: توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی هۆشەکییە"، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕوانگەی بیرڕۆنان و ئەو میکانیزمانەی ڕوانگەی بیرییان پێ ڕۆدەنرێت. ڕوانگەی بیرڕۆنانیش بریتییە لە چۆنیەتیی ڕۆنان و وێناکردنی دیمەنێک لە بیردا، ئەو ڕوانگە ڕۆنراوەش ماناکەی بە زمان و کەرەستەکانی دەردەبردرێت، جا چ بە وتن یان نووسین بێت. ئەم قوتابخانەیە جیاواز لە ڕێباز و قوتابخانەکانی دیکە، لە ڕێگەی کار و بەرهەمەوە دەچێتە ناو مێشک و بیری "نێرەر"ەوە، ئینجا لێکدانەوە بۆ چۆنیەتیی پرۆسەی بیرڕۆنان و بیرکردنەوە و مانا بەبەرداکردن دەکات. ئەم قوتابخانە ڕەخنەییە لە پرۆسەکانی ڕۆنانی مانا لە بیردا دەکۆڵێتەوە، نەک هەر لە مانای بەرهەمی بیر (زمان) بە تەنیا. لەم توێژینەوەیەدا وەک سەرەتایەک باس لە ڕوانگەی بیرڕۆنان و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی هەروەها چۆنیەتیی گواستنەوەی لە زمانەوە بۆ ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا کراوە. کۆمەڵێک میکانیزم هەن کە دامەزرێنەران و توێژەرانی ڕەخنەی هۆشەکی بۆ ڕوانگەی بیرڕۆنان دیارییان کردوون، میکانیزمی دەرخستن یەکێکە لەو میکانیزمانە و بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە، بە هەموو جۆرەکانیەوە لە سەر ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریب پراکتیزە کراوە.

کلیلەوشە: ڕوانگە ڕۆنان (کۆنستروەڵ)، ڕەخنەی هۆشەکی، دەرخستن، بیر، مانا

**پێشەكی**
لەوەتەی مرۆڤ هەیە بە هۆی ئەو بەركەوتنانەی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا هەیەتی، هەوڵی داوە پەیوەندی دروست بكات، باشترین هۆكاری ئەو پەیوەندییەش زمانە، زمانیش ڕەنگدانەوەی بیرە، ئەو بیرەش كە دروست دەبێت بە هۆی دروستكردنی پەیوەندییەكە لە نێوان ئەن و پێكهێنەرەكانی ئەو تەنە لەگەڵ جەستەی مرۆڤ و چۆنیەتی و گۆشە و كات و شێواز و هەست و مێشك و ویستی مرۆڤەكە. هەموو ئەوانە بەسەریەكەوە وا دەكەن جۆری ڕوانین و گۆشەی ڕوانینی كەسی دروست بێت، كە هەندێ جار هاوئاست، نزیك، یان جیاوازە لە گۆشەی ڕوانینی هەمان دیمەن و دۆخ لە لایەن كەسی دیكەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە**
تاوەكوو ئێستا هەر چی توێژینەوەیەك لە ئەدەبی كوردیدا ئەنجام درابێت، ئەوا تەنیا لە دەق و بەرهەمە ئەدەبییەكەدا كراوە و شیكردنەوە و لێكدانەوەی بۆ كراوە، واتە كار لەسەر شیكردنەوە و لێكدانەوەی مانای بەرهەمەكە بووە نەك خودی ئەو پرۆسانەی مانایەكەی پێ ڕۆنراوە لە بیردا، بەر لەوەی ئەو مانایە لە ڕێگەی دەقەكەوە بە زمان دەربڕابێت. لە ڕەخنەی هۆشەكیدا توێژەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەو دەق و بەرهەمە ئەدەبییەوە بچێتە ناو بیر و مێشكی نووسەرەوە، تا بگاتە ئەو گۆشەیەی یان نزیك ئەو گۆشەیەی نووسەر لە دیمەن و دۆخەكەی ڕوانیوە و ڕوانگەكەی پێ ڕۆناوە.

**ئامانجی توێژینەوەكە**
ئامانجمان ناساندنی ئەو قوتابخانە ڕەخنەیی و ئەو تیۆرە نوێیەیە لە ئەدەبی كوردیدا و پراكتیزەكردنیەتی لە ژانری ڕۆمانی هاوچەرخی كوردیدا كە "جەبار جەمال غەریب" نموونەیەكی ئەم ڕێبازەیە. بە هۆی ئەوەی ژانری ڕۆمان نزیكترین ژانرایە لە زمانی ڕۆژانەی ئاخاوتنەوە و ئامانجی ڕەخنەی هۆشەكییش شیكردنەوەی سادەترین ڕستەیە، تاوەكوو ئاڵۆزترین و قووڵترین پرۆسە و كردەكانی ڕوانگەی بیرڕۆنان كە ئێستا لە زمان و ئەدەبی ئەورووپیدا باڵی بەسەر زۆربەی توێژینەوەكاندا كێشاوە و تەنانەت پەلی كوتاوەتە ناو فەلسەفە و هونەر و تەنانەت زانستە ئابووری و سیاسی و بیركارییەكانیشەوە.

**سنووری توێژینەوەكە**
ئەم توێژینەوەیە لە سنووری ڕەخنەی هۆشەكی و تیۆری ڕوانگەی بیرڕۆنان (كۆنستروەڵ - Construal) و میكانیزمی دەرخستن بە جێبەجێكردنی لەسەر ژانرای ڕۆمان لە ئەدەبی كوردیدا، لە ناویشیاندا ڕۆمانەكانی ڕۆماننووسی هاوچەرخی كوردی جەبار جەمال غەریبدا، ئەنجام دراوە.

**میتۆدی توێژینەوە**
ئەم توێژینەوە بە میتۆدی ڕەخنەی هۆشەكی و تیۆری ڕوانگەی بیرڕۆنان ئەنجام دراوە.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە**
توێژینەوەكە لە دوو بەشی سەرەكی پێك هاتووە، بەشی یەكەم تیۆرییە و بەسەر چوار تەوەرە دابەش كراوە؛ لە تەوەرەی یەكەمدا باس لە ڕەگوڕیشەی زاراوەی بیرڕۆنان كراوە، تەوەرەی دووەم چەمك و پێناسەی ڕوانگەی بیرڕۆنان (كۆنستروەڵ)، لە تەوەرەی سێیەمدا خستنەڕوویەكی گشتیی تیۆری ڕوانگەی بیرڕۆنان خراوەتە ڕوو، تەوەرەی كۆتایی كردە و میكانیزمەكانی ڕوانگەی بیرڕۆنان باس كراوە. بەشی دووەم، سەرەتا باس لە میكانیزمی دەرخستن كراوە وەك یەكێك لە میكانیزمەكانی ڕوانگەی بیرڕۆنان (كۆنستروەڵ)، پاشان باس لە توخمە پێكهێنەرەكانی ئەو میكانیزمە كراوە و بە نموونەی ڕۆمانەكانی ڕۆماننووس پراكتیك كراوە و چۆنیەتیی ڕوانگەی بیرڕۆنانەكەیان بە پێی ئەو توخمانە دەرخراوە.

**بەشی یەكەم: ڕوانگەی بیرڕۆنان**

**تەوەرەی یەكەم: ڕەگوڕیشەی زاراوەكە**
ڕوانگەی بیرڕۆنان یەكێكە لە تیۆرە دیارەكانی ڕەخنەی هۆشەكی كە لە كۆتایی هەشتاكان و سەرەتای نەوەدەكانی سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی چەند پسپۆڕێكی زمان و زمانەوانییەوە داڕێژراوە. لە سەرەتادا لەسەر دەستی

"ڕۆلاند لانەیکەر"، بە بڵاوکردنەوەی چەند توێژینەوەیەک لە بواری زمان و زمانەوانییەوە ناسێنرا، پاشان لە سەرەتای نەوەدەکان بەدواوە زیاتر برەوی سەند، هەر خودی لانەیکەر (Langacker) کارەکانی فراوانتر کرد و ژمارەیەک کتێبی لەم بوارەدا نووسی و بڵاوی کردەوە. هەر لە سەرەتای دوو هەزارەکان و لەگەڵ ئەم برەوپێدانەی، نووسەر و توێژەری بواری هۆشەکی "پیتەر ستۆکوێڵ" تیۆرەکە دەهێنێتە ناو بواری ئەدەبییەوە، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە کارەکانی نووسەری ئیسرائیلی ڕیوڤن تسور (Tsur) کە لە ١٩٨٣دا توێژینەوەی بڵاو دەکردەوە. هەر چەند بە ناوی هۆشەکییەوە بڵاو نەدەبوویەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی کاری لە ڕەخنەی هۆشەکیی شیعریدا کردووە. لە دوو هەزارەکان بەدواوە، هەریەک لە توێژەران ستۆکوێڵ و لانەیکەر و دەیان توێژەری دیکەی قوتابخانەی هۆشەکی؛ توێژینەوەیان لەسەر هۆشەکی و پرۆسەی بیری و ڕۆنانی واتا لە ژانری جیاوازی ئەدەبییەوە ئەنجام داوە.
لە ڕووی ڕەگوڕیشەوە، وشەی کۆنستروەڵ (construal) ی ئینگلیزی یان "ڕوانگەی بیرڕۆنان" لە وشەی "construere"ی زمانی لاتینی وەرگیراوە لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەیەمدا. وشەکە لە زمانی لاتینیدا بە واتای ڕۆنان، بنیاتنان، بەیەکەوەنان، بەیەکەوە ڕیزکردن، ڕێکخستنی سروشتییانە دێت. وشە لاتینییەکە لە دوو بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم "-con" بە مانای "بەیەکەوە" و + بەشی دووەم "struere" بە مانای "دانان/ڕیزکردن" دێت. ئەوەی جێی سەرنجە، بەشی دووەمی وشەکە (struere) لە لاتینیی کۆندا بە واتای پەرشوبڵاو دەهات (https:// www.etymonline.com/)پێدەچێت وشەی "struere" وشەیەکی سەربەخۆ بووبێت لە زمانی لاتینیی کۆندا، کە مانای بڵاو یان پەرشوبڵاو بووە، بۆیە بە زیادکردنی وشەی "-con" بە مانای بەیەکەوە دێت، بووەتە وشەیەکی لێکدراو (construere) بە مانای بەیەکەوەنان و ڕۆنان دێت، واتە بەیەکەوە دانان و ڕۆنان و ڕیزکردن بنیاتنانێک لە شتە بڵاو و پەرشوبڵاوەکانەوە هاتووەتە ئاراوە.
وشەی "construe" کە بە مانای "ڕۆدەنێت" دێت، لە سەدەی پازدەیەمەوە هاتووەتە ناو زمانی ئینگلیزی و لە بنیاتنان و ڕۆنان و لێکدانەوەی مانای دەقە یاساییەکاندا بەکار هاتووە. بە تێپەڕبوونی کات و بە دیاریکراوی لە (١٧٠٧)ەوە وشەکە (construe) لە زمانی هەموو جۆرە دەقێکدا بەکار دێت بە مانای "ڕۆدەنێت، بنیات دەنێت، دروست دەکات" دێت. دەبینین وشەی "construe" کە کارە لە زمانی ئینگلیزیدا، هاوشێوەی چەندان وشەی دیکەی کاری وەکوو (arrive -دەگات)، (survive - ڕزگار دەکات)، بە زیادکردنی پاشگری "al" پۆلی وشە کارەکە دەگۆڕێت، ناو و وشەی "construal" دروست دەبێت کە مانای "ڕۆنان"ە. لە قوتابخانەی هۆشەکییشدا لانەیکەر یەکەم توێژەر بوو کە وشەکەی بە مانای "ڕۆنانی ڕوانگەی بیری" لە ساڵی ١٩٨٧دا بەکار هێنا، لەو ساتەوە تا ئێستا وشەی کۆنستروەڵ بە هەمان ماناوە شوێنپێی خۆی لە قوتابخانەی هۆشەکی و ڕەخنەی هۆشەکیدا گرتووە (Lanacker, 1987)).

**تەوەرەی دووەم: چەمک و پێناسەی ڕوانگەی بیرڕۆنان (کۆنستروەڵ)**

کە دێینە سەر پێناسەی کۆنستروەڵ-ڕوانگەی بیرڕۆنان، دەبینین لە لایەن دامەزرێنەران و توێژەرانی بواری قوتابخانەی هۆشەکی و ڕەخنەی هۆشەکییەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام کە لە مەبەستیان قووڵ دەبینەوە و ڕادەمێنین، هەموویان تا ڕادەیەکی زۆر وەکوو یەکن. خودی لانەیکەر لە زۆربەی توێژینەوەکانیدا بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "بنەمایەکی سەرەکیی قوتابخانەی هۆشەکی بە گشتی و ڕەخنەی هۆشەکی بە تایبەتی ئەوەیە کە مانا هەر بریتیی نییە لە پەیوەندیی نێوان زمان و دونیا، بەڵکوو زیاتر دەوەستێتە سەر ڕوانگەی ڕۆنانی هۆشەکییانە لە بیردا. واتە ڕوانگەی بیرڕۆنان بریتییە لە چۆنیەتیی وێناکردنی ئەو دیمەنە لە بیردا، هەر ئەمەش مانا بەو کەسە، شتە، ڕووداوە، یان شوێنە دەدات، ئینجا ئەو مانا ڕۆنراوەی بیر بە زمان و کەرەستەکانی دەردەبڕێت جا چ بە وتن، یان نووسین بێت. ڕوانگەی بیرڕۆنان تایبەتمەندییەکی مانایە و ئەو ڕێگە هەمەجۆرانەی پۆلێنکردنی ڕووداوێک، بارودۆخێک، یان دیمەنێک دەگرێتەوە، هەروەها پێکهێنەرەکانی، بەشداربووەکانی، سیفەتەکانی و پەیوەندییەکانی نێو هەریەکێک لە خودی

ئەمانە و پەیوەندیی هەریەکێکیشیان بەوەی یان بەوانی دیکەوە؛ دەگرێتەوە" (Langacker, 1987, 61). دەبینین لە دوای نزیکەی سی ساڵ و بڵاوکردنەوەی چەندان توێژینەوە و کتێب لە چوارچێوەی قوتابخانەی هۆشەکی و بە تایبەتی باسکردنی ڕوانگەی ڕۆنانی بیری، لانەیکەر هەمان پێناسەی بۆ ئەم تیۆرە دووبارە کردووەتەوە بێ ئەوەی تەنانەت یەک وشەشی لێ بگۆڕێت. کرۆکی پێناسەکەشی ئەوەیە کە مانا لە بیردا ڕۆدەنرێت، بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیەی کە ئەو کەسە پێی لەو دیمەنە دەڕوانێت و تەن و پێکهێنەرەکانی ئەو دیمەنە بەیەکەوە دەنێت و پەیوەندییان لە نێوان دروست دەکات و دیمەنەکە لە بیریدا وێنا دەکات، ئینجا ئەم مانا ڕۆنراوە بە زمان و کەرەستەکانی دەردەبڕێت. واتە هەرکەسێک بە پێی ئەو ڕوانگەیەی لە بیریدا هەیەتی.

لە لایەکی دیکەوە ئەمە ئەوەش دەگەیەنێت کە ئەو هەمەجۆرییە دەوەستێتە سەر بژاردەکانی چۆنیەتیی بینین و تێڕوانین لەو ڕووداوە. ئەو هەمەجۆرییەی بژاردەکان پەیوەستە بە ئەزموونکردن لە ژیاندا، تەواوی ئەزموونکردنیش هۆشەکییانەیە. ئەم پێناسەیە ئەوەمان پێ دەڵێت: دەکرێت هەر ڕەوش و دۆخێک بە چەندان ڕێگەی جیاواز پەیوەست بکرێت بە گوێرەی هەموو ئەو وێناکردنە جیاوازانەی کە بە هۆی پەیوەندیی نێوان بەشداربووان و دیمەنەکە دروست دەبن. هەروەها بەخشینی مانا بەو ڕەوش و دۆخە دەوەستێتە سەر چەند هۆکارێکی دیکەش وەکوو زانیاریی لەپێشینەی کەسەکە و سیاقە کۆمەڵایەتی و فیزیکی، سیاقی دەربڕینەکە و مەبەست و ئامانجی دەربڕینەکە.

نووسەرێکی دیکەی دیاری بواری قوتابخانەی هۆشەکی؛ جۆن تایلەر (Taylor) بەم شێوەیە پێناسەی کۆنستروەڵ دەکات: "پرۆسەیەکە کە تیایدا بارێکی دیاریکراو لە لایەن کەسی نێرەر پێک دەهێنرێت و ڕۆدەنرێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆر" (Taylor, 2002, 589). ئەگەرچی پێناسەکەی تەیلەر باسی وردەکاریی خودی پرۆسەکە ناکات کە چۆن ڕوو دەدات، بەڵام ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت هەمان تەن، شت، ڕووداو و ڕەوش بە ڕێگەی جیاواز ڕۆبنرێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو کەسە ڕۆنانەکە ئەنجام دەدات و بۆ چ مەبەستێک بەم شێوەیە ڕۆنانەکە ئەنجامی دەدات.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا هەردوو توێژەری دیاری بواری قوتابخانەی هۆشەکی؛ ویلیەم کروفت (Croft) و ئالان کروس (Cruse) کتێبێکی تیروتەسەلیان لە بارەی قوتابخانەی هۆشەکی نووسی و تیایدا دەڵێن: "چۆنیەتیی بەئەزموونکردنی هەر شتێک لە ژیاندا پەیوەستە بە کۆنستروەڵەوە، دەوەستێتە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە چۆن ئەو ئەزموونەی وێنا دەکات و دەیگەیەنێت بە کەسانی دیکە، وەرگر" (Croft and Cruse, 2004, 19). ئەم پێناسەیەی کرۆفت و کروس؛ کونستروەڵ یەکسان دەکات بە چۆنیەتیی وێناکردنی هەر دیمەن و ڕووداو و ڕەوشێک لە بیردا. دەکرێت هەمان کەس بتوانێت وێناکردنی جیاوازی بۆ هەمان شت و دیمەن و تەن و کەس هەبێت، لەوەش زیاتر دەکرێت ئەم وێنانەکردنەی هەمان شتیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، سەرەڕای هەبوونی خاڵی هاوبەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە یەکدی جیاواز بن.

دەبینین هەم تایلەر و هەمیش کرۆفت و کروز وەکوو لانەیکەر باسی ئەوە دەکەن کە کەسی ئاخێوەر چەند بژاردەیەکی بۆ مانا بەبەرداکردنی هەمان دیمەن و دۆخ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان وەکوو خودی لانەیکەر پێناسەکەیان بە وردەکارییەوە نەکردووە. هەر چی تایلەرە جەخت لەسەر مەبەستی نێرەر دەکاتەوە، لەو کاتەی کرۆفت و کروز جەختیان لەسەر کۆتایی پرۆسە بیرییەکەیە کە وێناکردنە کردووەتەوە، وێناکردنیش واتە گشتگیرکردنی هەموو لایەنێکی ئەو دۆخ و دیمەنەیە بەسەر یەکەوە وەکوو یەک پێکهێنەر.

گیرارتس (Geeraerts) لە پێناسەی کۆنستروەڵدا دەڵێت: "پرۆسەی ڕوانین و ڕۆنان و مانا بەبەرداکردنی جیهان لە ئەنجامی توانا هۆشەکییە گشتییەکانەوە دێتە ئاراوە، کە پێی دەڵێن کۆنستروەڵ-ڕوانگەی بیرڕۆنان" (Geeraerts, 2006, 4). ئەم پێناسەیە جەخت دەخاتە سەر توانا هۆشەکییە گشتییەکان، کە ئەو تواناییانە وا دەکەن لە بەئەزموونکردنی دۆخێک ڕێگەی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ)

بخەنــە بــەردەم کەســەکە. بــە واتایەکــی دیکــە: هەبــوونی ئەزموونێکــی دەوڵەمەنــد و پاشــخانی زانیــاری لــە لایــەن وەرگــرەوە، هۆکارێکــی گرنگــە بــۆ خوێندنــەوە و هەبــوونی دەلالــەت و مەدلــوولی جیــاواز و فرەڕەهەنــد بــۆ هەمــان شــت و بــارودۆخ لــە لایــەن هەمــان کەســەوە.

هــەردوو توێــژەری دیــاری قوتابخانــەی هۆشــەکی؛ ڕادن (Radden) و دیرڤــن (Dirven) پێناســەی کۆنســتروەڵ دەکــەن بــەوەی کــە: بــۆ دۆخێــک، دیمەنێــک و بارێــک؛ کەســێک دەتوانێــت یەکێــک لــە نێــو چەنــد بژاردەیــەک هەڵبژێرێــت. بــە واتایەکــی دیکــە: ڕێگەیــەک لــە نێــو ئەلتەرناتیڤەکانــی وەرگرتــن و ڕۆنانــی ئــەو دیمەنــە هەڵبژێرێــت. هەروەهــا دەشــێت ئــەو بژاردەیــەی کــەسی نێــرەر هەڵیدەبژێرێــت لــە بیریــدا بــۆ وەرگرتــن و ڕۆنانــی ئــەو دیمەنــە، لــە ڕوانگــەی خــۆی یــان لــە ڕوانگــەی کەســی وەرگــرەوە بێــت (Radden and Dirven, 2007, 1). کەوایــە کونســتروەڵ بریتییــە لــە هەبوونــی چەنــد بژاردەیەکــی جێگــرەوە و لــە بریــی یەکــتری بــۆ درککــرن و وێناکــردن و ڕۆنانــی ڕووداوێــک، دۆخێــک یــان دیمەنێــک لــە بیــردا، ئینجــا هەڵبژاردنــی شــیاوترینیان بــە پێــی مەبەســتی نێــرەرەوە و گواســتنەوەی لــە ڕێگــەی کەرەســتەکانی زمانــەوە بــۆ وەرگــر.

نووســەری دیــاری ڕەخنــەی هۆشــەکی پیتــەر ســتۆکوێل دەڵێــت: کونســتروەڵ بریتییــە لــەو "ڕێگــە جیاوازانــەی بــۆ بینیــن و ڕوانیــن لــە دیمەنێــک و ڕۆنــان و دەربڕینــی ئــەو دیمەنــە بــەکار دێــن. هەمــوو دەربڕینێکــی زمانەوانــی ماناکــەی لــە ئەنجامــی کونســتروەڵێکەوە پەیــدا بــووە، هەمــوو شــتێک ماناکــەی بریتییــە لــە هەبوونــی چەنــد تەنێکــی فیزیکــی و کەسێک، ئینجــا پەیوەندیــی نێــوان ئــەو کەســە و تەنــەکان مانــا دێنێتــە ئــاراوە. هــەر مانــا ڕۆنــان بــە هــۆی ڕوانگــەی بیرییــەوە وا دەکات پەیوەنــدی و پەیوەســتبوون لــە نێــوان تــەواوی دەقێکــی ئەدەبــی هەبێــت هــەر لــە ســەرەتاوە تــا کۆتایــی، هەمیــش پەیوەنــدی لــە نێــوان نووســەر و وەرگــردا هەبێــت" (Stockwell, 2009, 168). ستۆکوێل یەکێک بــوو لــەو نووســەرە پێشــەنگانەی ڕاســتەوخۆ باســی کۆنســتروەڵ بــکات و لــە دەقــی ئەدەبیدا بەرجەســتەی بــکات. ئا لێرەوە ئــەم تیــۆرە خزایــە نــاو ڕەخنــەی هۆشــەکی و توێژینــەوە ئەدەبییــەکان.

هــەر ســتۆکوێڵ (Stockwell) لەگــەڵ نووســەران کلــۆوی هاریســن (Chloe)، لویــس ناتــاڵ (Louise)، پیتــەر ســتۆکوێڵ و وانجوانیــان، لــە کتێبــی "ڕێزمانــی هۆشــەکی لــە ئەدەبــدا: ڕێبازێکــی زمانەوانییانــە لــە ئــەدەب" (*Cognitive Grammar in Literature: Linguistic Approaches to Literature*)دا، چەنــد لایەنێکــی کۆنســتروەڵ و قوتابخانــەی هۆشــەکییان لــە دەقــی ئەدەبیــدا جێبەجــێ کــرد. لــە (٨-٩) دەڵێــن: "شــاخاڵی بەســتەرەوەی نێــوان زمانەوانیــی هۆشــەکی و ڕەخنــەی هۆشــەکی لــە چوارچێــوەی قوتابخانــەی هۆشــەکیدا، بریتییــە لــە ڕۆنانــی مانــا. لــە هەمــوو بارێکــدا نێــرەر مانــا ڕۆدەنێــت لــە ڕوانگەیەکــی بیرییــەوە، ئــەم مانــا ڕۆنانــەش پرۆســەیەکی فرەقۆناغــی بەیەکداچــوو و تەواوکارییــە و بــە هۆیانــەوە دۆخێــک، دیمەنێــک، یــان ڕووداوێــک بــە ڕوانگــەی جێگــرەوە ڕۆدەنرێــت" (Chloe, Louise, Stockwell. and Yuan, 2014). کــۆی بنەچــە و خاڵــی دەســتپێک و کرۆکــی ئــەم پێناســانە، هەموویــان تــا ڕادەیەکــی زۆر لــە پێناســەکەی دانــەری تیۆرەکــە نووســەر لانەیکــەر ســەرچاوەیان گرتــووە و درێژەپێــدەر و ڕوونکــەرەوەی ئــەون. هەمــوو پێناســەکانیش ئەوەمــان پــێ دەڵێــن کــە کۆنســتروەڵ واتــە هەبوونــی سێگۆشــەی "بیــر، تــەن، زمــان"، بــۆ وێناکــردن و ڕۆنــان و گەیاندنــی مانــا و مەبەستێکی هــەر دەربڕینێکــی زمانــی، جــا بــە قسەکردن یــان بــە نووســین بێــت. لــە نێــو خــودی بیریشــدا چەنــدان بــژاردەی جێگــرەوەی یەکــتری هــەن کــە بــە شــێوەیەکی ڕێژەیــی لێکچــوون و جیــاوازی لــە نێوانیانــدا هەیــە. ئــەو بژاردانــەش لــە بەئەزموونکردنــەوە دروســت بــوون، بەئەزموونکردنیــش پەیوەســتە بــە پێشــخان و زانیــاری و هۆشــیاری و هەســت و کولتــوور و تەمــەن و تێگەیشــتوویی. هەروەهــا مەبەســت لــە "تــەن"، واتــە ئــەو کــەس و شــت و شــوێن و کات و قەبــارە و شــێوەی بەیەوەکەوەبوونــەی مــاددە پێکهێنــەر و بەشــداربووەکانی نێــو ڕووداوێــک، دیمەنێــک، بارێــک و ڕەوشــێک. ئینجــا بــە پێــی سیاقی دەربڕینەکــە، یــان دەقەکــە و مەبەســتی خــۆی، کەســی قسەکەر-نووســەر بژاردەیــەک لــە نێــو ئــەو بژاردانــەی بیــری خــۆی هەڵدەبژێرێــت و لێیــەوە لــە مــاددە پێکهێنەرەکانــی دیمەنەکــە دەڕوانێــت. دەشــێت ئــەو بــژاردە بیرییــە هەڵبژێــردراوەی کەســی دەربــڕ تــەواو جیــاواز

بێت لە ڕوانگەی کەسی گوێگر-خوێنەر، یان زۆر کەم، کەم، مامناوەند، زۆر، هەر زۆر زۆر، یان ڕێک هاوشێوەی بێت. پاشان هەر چی زمانە، وشە و دەربڕین و ڕستە و کەرەستەی جیاواز و جۆراوجۆر بەکار دێنێت تاوەکوو هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی ئەو بژاردە بیرییە هەڵبژێردراوەی کەسی قسەکەر-نووسەر بێت. هەر بەو کەرەستە زمانییانەش ئەو بژاردە بیریانە هەستیان پێ دەکرێت و پۆلێن دەکرێن و دەگوازرێنەوە بۆ وەرگر. بەم شێوەیە کۆنستروەڵ دەبێتە ئەو توانا هۆشەکییەی کە مرۆڤ هەیەتی لە وێناکردنی دیمەنێک بە ڕێگەی جێگرەوە و دەربڕینیان بە زمان، بە مانایەکی دیکە: ڕوانگەی بیرڕۆنان بریتییە لە وێناکەر-وێناکراو و پەیوەندیی نێوانیان.

ئەگەر نێرەر و وەرگر چەند ڕوانگەی ڕۆنانی بیریان بۆ دیمەن و ڕووداو و کەس و شتەکان لە یەکەوە نزیک بێت، ئەوا هەمان مانا، یان مانایەکی زۆر نزیک لە یەک بە بەر ئەو تەن و کەس و شت و ڕوودا و دیمەنانەدا دەکەن. ئەگەر خوێنەر لە ڕوانگەی بیرییە جێگرەوەکان لەو دیمەن و کەس و شت و ڕووداوانەی ناو ئەو دەقە ئەدەبییەیان ڕوانی، ئەوا بە شێوەیەکی ڕێژەیی مانایەکی جیاواز لەو مانایەی نووسەر هەیەتی؛ بە بەر ئەو دیمەن و شت و ڕووداوانەدا دەکەن. هەر بە پێی ئەم پێناسەیە بێت، دەربڕینی هەر شتێک بە گوتن یان نووسین بێت، بریتییە لە هەڵبژاردنی بژاردەیەک کە کەوتووەتە سەر پەیوەندیی بیریی نێوان ئەو کەسە قسەکەر-نووسەرە لەگەڵ ئەو تەنە یان تەنانەت کە لە دیمەنەکەدا هەن.

## تەوەرەی سێیەم: خستنەڕوویەکی گشتیی تیۆری ڕوانگەی بیرڕۆنان

ئەم تیۆرە، ڕوانگەی بیرڕۆنان-کۆنستروەڵ، بۆ یەکەم جار لە لایەن یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکان و توێژەرە پڕبەرهەمەکانی قوتابخانەی هۆشەکییەوە لە ژێر ناوی ئەم زاراوەیەوە بە ڕێکخراوەیی هێنرایە ئاراوە، ئەویش ڕۆناڵد وەین لانەیکەر بوو (Langacker, 1987, 99 و Langacker 2013,198 ). هەر زوو هەمان بیرۆکە لە دامەزرێنەرێکی دیکەی سەرەکیی قوتابخانەی هۆشەکی باسی لێوە کرا، ئەویش لیۆنارد تاڵمی بوو (Talmy, 1988, 166). ئەوەی جێی سەرنجە، هەردوو نووسەر باسی کۆنستروەڵیان کردووە، یان زیاتر لە چوارچێوەی زمانەوانیی هۆشەکیدا، بە دیاریکراوییش یەکەمیان لە ڕێزمانی هۆشەکی و دووەمیان لە واتاسازیی هۆشەکیدا. هەر چەندە لە بەرانبەر ئەوەدا دامەزرێنەری ڕەخنەی هۆشەکی لە ئەدەبدا، ڕیوڤن تسور، لە کارەکەی ساڵی ١٩٨٣دا لە هەندێک لە شیکردنەوەکانی بۆ دەقی شیعری، شیکارکردن و لێکدانەوەکانی لە چوارچێوەی تیۆری کۆنستروەڵ بوو بێ ئەوەی ئەو زاراوەیە بەکار بێنێت، بەڵکوو هەر لە ژێر ناوی ڕەخنەی هۆشەکیی شیعری بووە بە گشتی. تسور لە شیکردنەوە و لێکدانەوە هۆشەکییەکانیدا باسی چەند کردە و پێکهێنەرەی سەرەکیی تیۆری کۆنستوەڵی کردووە، وەکوو کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن، بە تایبەتی پێشخستن و دواخستن و داڕشتن، دەرخستن و کات (Tsur, 1983). ئەم هەوڵەشی لە بەرهەمەکەی ساڵی (Tsur, 1992)دا زیاتر دەوڵەمەند کرد، بەڵام هێشتا لە ژێر ئەم زاراوەیەدا کردە و پێکهێنەرەکانی ڕێک نەخستبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا نووسەرێکی دیکەی دیاری ڕەخنەی هۆشەکی بە ناوی پیتەر ستۆکوێل، لە کتێبەکەیدا پەرەی زیاتری بەو هەوڵەی تسور دا و لە ژێر تیشکی چەند پێکهێنەرێکی وەکوو تەن و بنکەی تیۆری کۆنستروەڵ دەقی ئەدەبیی شی کردەوە و لێکدانەوەی هۆشەکییانەی بۆ کرد، بەڵام ستۆک وێڵ وەکوو تسور زاراوەی کۆنستروەڵی بەکار نەهێنا و تەواوی پێکهێنەرەکانی تیۆرەکەی لە تیۆرێکی دیاریکراودا یەک نەخست. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩دا ستۆکوێل جارێکی دیکە لە کارێکی دیکەیدا بە ئاشکرا و لە ژێر ئەم زاراوەیەدا باسی تیۆری کۆنستروەڵی نووسەر لانەیکەر دەکات و زۆربەی زۆری پێکهێنەرەکانیشی لە دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی پێکهێنەرەکان و زاراوەکانی ئەم تیۆرەوە دەکات.

بە گشتی لەم تیۆرەدا دەکرێت کۆنستروەڵەکان لە ئاستی وشە، یان ڕستە، یان دەستەواژەیەک، دێڕێک، یان کۆپلەیەک، یان دەقێکی پەرەگرافی، یان دەقێکی

درێژتـر بێـت. بـۆ نموونـە؛ لیۆنـارد تاڵمـی دەڵێـت: "ئەگـەر چەنـد کەسـێک بەیەکـەوە سـەیری ئاسـمان بکـەن و سـەرنجی دەرکەوتـن و بڵاوبوونـەوەی چەنـد ئەسـتێرەیەکی دیاریکـراو نزیـک لـە یـەک بـدەن، دەکرێـت ڕوانگـەی ڕۆنانـی بیـری هەریەکەیـان بـۆ دیمەنەکـە لـەوەی دیکەیـان جیـاواز بێـت" (Talmy, 1990, 61). وەکـوو:

١. بورج (کەلوو)

.٢ هێشووەئەستێرە

٣. پەڵە ڕووناکییەکانی ئاسمان

دەبینیـن جیـاوازی لـە نێـوان هەریـەک لـەم دەربڕینانـەدا هەیـە و هەریەکەیـان دەوەسـتێتە سـەر ئـەو تێڕوانیـن و ڕوانگـە بیرییـەی کـە پێـی ڕۆنـراوە، هەمووشـیان بەیەکـەوە دەبنـە تێڕوانینـە بیرییـە جێگرەوەکان-کۆنسـتروەڵەکان، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕوانگـەی ڕۆنانـی بیریـی هەریەکەیـان بـە هـۆی چەنـد تایبەتمەندییەکـەوە بـووە کـە لـەو دیمەنـەدا هەیـە. هـەر بـە گوێـرەی تاڵمـی: "جیـاوازی لـە دەربڕینەکانـدا بـۆ جیـاوازی لـە بیـری کەسـەکان دەگەڕێتـەوە، جیاوازیـی بیریشـیان بـۆ جیاوازیـی ڕوانگـەی ڕۆنانـی ئـەو بیرەیـان دەگەڕێتـەوە، جیاوازیـی ڕوانگـەی ڕۆنانـی بیریـش دەوەسـتێتە سـەر ئـەو میکانیزمـە هۆشـەکییەی کـە پێـی لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەو دیمەنـە دەڕوانرێـت، ئـەم میکانزیمـەش لـە تیـۆری کۆنسـتروەڵدا بریتییـە لـە سـنوورەکانی زانیـن" (Talmy, 2000a, 58). ئـەو کردەیـە لای هەمـوو ڕۆنەرێـک بنەمایەکـی نەگـۆڕی هەیـە.

ئـەم وتەیـەی لانەیکـەر ڕێخۆشـکەری دەکات تاوەکـوو نموونـەی لـەم شـێوە (١، ٢، ٣) شـیکردنەوە و لێکدانەوەیـان لـە ژێـر چەتـری کۆنسـتروەڵدا بـۆ بکرێـت، هـەر بۆیـە جیـراڕت و چاکینـس دەڵێـن: "بـۆ دەربڕینـی یەکـەم (بورج-کەلـوو)، سـنووری زانینـی کەسـی قسـەکەر بریتییـە لـە تێڕوانینێکـی نەریتییانـەی کولتـووری بـۆ وێناکـردن و ڕۆنانـی مانـای ئـەو پێکهاتـەی ئاسـمان لـە بیریـدا. دەکرێـت لـە هـەر کولتوورێکـدا لـە بیریانـدا تێڕوانینێکـی دیاریکراویـان بـۆ ئـەو شـێوە دەرکەوتنـە هەبێـت و دەربڕینەکـەش دەرخسـتن و نیشـاندانی ئـەو تێڕوانینـە بیرییەیـە. ئاساییە لـە هەندێـک کولتـووردا ئـەم شێوە دەرکەوتنـەی لـە ئاسـمان درابێتـە پـاڵ ئاژەڵێـک، شـتێک، یـان بوونەوەرێکـی ئەفسـانەیی. لـە کاتێکـدا بـۆ دەربڕینـی دووەم (هێشووەئەسـتێرە)، کەسـی قسـەکەر پێویسـتی بـە سـنوورێکی زانینـی لـەم چەشـنەی شـێوەی یەکـەم نییـە بـۆ ڕۆنانـی مانـای ئـەم پێکهاتەیـەی ئاسـمان لـە بیریـدا. زۆر بـە سـادەیی بـە گرووپێـک، یـان کۆمەڵـە ئەسـتێرەیەک لێیـان دەڕوانێـت و وێنایـان دەکات. ئـەو میکانیزمـەی سـنووری زانیـن سـادەتر دەبێتـەوە لای کەسـی دووەم و تەنیـا جەخـت دەکاتـە سـەر شـێوەی داڕشـتن و پێکهاتەکـەی بـۆ وێناکردنـی ئـەو دیمەنـە و مانـا بەبەرداکردنـی. بـە هەمـان شـێوە، بـۆ ئـەم پێکهاتـە و دیمەنـەی ئاسـمان، میکانیزمـی سـنووری زانیـن لـە تێڕوانیـن و وێناکردنـی بیـری کەسـی سـێیەمدا هێشـتا سـادەتر دەبێتـەوە و لای ئـەو کۆمەڵـە و گرووپیـش گرنـگ نییـە، تەنیـا بـە "پەڵـەی ڕووناکیـی ئاسـمان" لێیـان دەڕوانێـت و لـە بیریـدا وێنایـان دەکات" (Geeraerts and Cuyckens, 2007, 49). بـە دیوێکـی دیکـەدا، هەمـان شـت لای کەسـی دووەم بـە هـۆی تایبەتمەندییەکـەوە بـاس دەکرێـت کـە بوونـە گـرووپ و هێشـووبوونە، لـەو کاتـەی لای کەسـی سـێیەم بـە هـۆی تایبەتمەندییەکـی دیکـەوە بـاس دەکرێـت کـە بـوونی ڕووناکییـە.

سـەرەڕای ئـەوەی کـە تێبینیـمان کـرد ئـەم شـیکردنەوەیەی "جیـراڕت و چاکینـس" زۆر لەبـار و شـیاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەکرێـت بـە دیدێکـی دیکـەی وەکـوو تاڵمـی زیاتـر وردەکاریـی ڕوانگـەی بیرڕۆنانەکـە شـی بکرێتـەوە. لـە لای تاڵمیـدا، "هـەردوو شـێوەی دووەم (هێشووەئەسـتێرە) و سـێیەم (پەڵـە ڕووناکییەکانـی ئاسـمان)، قسـەکەرەکان لـە تێڕوانیـن و وێناکـردن بـۆ ئـەو دیمەنـەی ئاسـمان لـە بیریانـدا جەختیـان لەسـەر داڕشـتن و پێکهاتەکـەی کردووەتـەوە، وەکـوو کۆمەڵـە بـوون و هەبوونـی تیشـک و ڕووناکـی. واتـە لـە ڕوانگـەی بیـری ئـەو دوو کەسـە بـە جەختکردنـە سـەر چەندینەبـوون و کۆبوونـەوەی بەسـەریەک و ڕووناکیـدان، ئـەم دیمەنـەی ئاسـمان وێنـا کـراوە و مانـای ڕۆنـراوە. لـە بەرانبـەردا، ڕوانگـەی بیـری کەسـی یەکـەم بـەم شـێوەیە سەربەسـت نییـە و زیاتـر کولتوورییانەیـە و کولتـوور ڕۆڵێکـی بـاڵای هەیـە لـە دیاریکردنـی گۆشـەی ڕوانیـن و وێناکردنـی ئـەم دیمەنـەی ئاسـمان لـە بیریـدا" (Talmy, 2000a, 59).

ئـەم نموونـە سـادەیە دەریدەخـات کـە ڕوانگـەی بیرڕۆنانـەکان دەوەسـتنە سـەر چەنـد هـۆکار و میکانیـزم و ڕەهەندێـک لـە بیـردا، کـە بـە هۆیانـەوە لـە دیمەنێـک، ڕووداوێـک، شـتێک، کەسـێک، بۆنەیـەک، تەنێـک، دۆخێـک، ڕەوشـێک، یـان شـوێنێک دەڕوانرێـت لـە بیـردا وێنـا دەکرێـت و ئینجـا واتـا وەردەگرێـت. هەریەکێکیـش لـەم ڕوانگـە ڕۆنانییـە بیرییـە جێگرەوانـە، کەرەسـتەی دیاریکـراوی هاوئاسـتی هەیـە تـا لـە زمانـدا پێـی دەربـبڕدرێـت.

ئەگـەر ئـەم نموونەیـەی سـەرەوە لـە ئاسـتی وشـە یـان کورتەدەربڕینـدا بێـت، ئـەوا ڕانـداڵ هۆڵـم (Holme)، نموونەکانـی (٤ و ٥)ەم لـە ئاسـتی ڕسـتە کۆنسـتروەڵدا دەردەخـەن.

٤. شەیدای هەولێرم.

٥. هەولێرم زۆر خۆش دەوێت.

هۆڵـم لـە باسـی ئـەم دوو ڕسـتەیەدا دەڵێـت: بـە گشـتی لـە دەرەوەی چوارچێـوەی قوتابخانـەی هۆشـەکی، ئـەم دوو ڕسـتەیە بـە لای وەرگـرەوە هەمـان مانـا دەگەیێنـن، لەسـەر بنەمـای ئـەوەی بـڕ و هێـزی "شـەیدابوون = بـە زۆر خۆشویسـتن". بـەڵام لـە چوارچێـوەی تیـۆری ڕوانگـەی بیرڕۆنـان قوتابخانـەی هۆشـەکیدا ئـەم دوو ڕسـتەیە بـە ڕوانگـەی بیرڕۆنان-کۆنسـتروەڵە جێگـرەوەکان دادەنرێـن. بـە پێـی میکانیـزم و کـردەی کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسـکردنی ڕوانگـەی بیرڕۆنـان بێـت، لـە ڕستەی چوارەمـدا لـە ڕوانگـەی ڕۆنانـی بیـری فۆکەسـی کەسـی قسەکەر-نووسـەر لەسـەر خـودی خۆیەتـی، واتـە فۆکەسـە بیرییەکـە لەسـەر بکـەری ڕسـتە خۆیەتـی. لـەو کاتـەی لـە ڕسـتەی پێنجەمـدا کۆبیـری کەسـی نێـرەر لەسـەر خـودی خـۆی نییـە و لەسـەر "هەولێـر"ە. بـە مانایەکـی دیکـە: بـە هـۆی بنەمـای پێـش و پاشخسـتنی میکانیزمـی کۆبیرخستنەسـەر، لـە ڕستەی (٤)دا خـودی بکـەر، نێـرەر، چەقـی وێناکردنـی ئـەو هەسـت و سـۆزەیە کـە بـۆ هەولێـر لـە بیریـدا هەیەتـی. لـە بەرانبـەردا لـە ڕسـتەی (٥) دا هەولێـر چەقـی وێناکردنـی ئـەو هەسـت و سـۆزەیە کـە لـە بیریـدا بـۆ ئـەو شـارە هەیەتـی (Holme, 2009, 111). هـەر ئـەم جیاوازییـەی میکانیزمـی فۆکەسـکردنەی ڕوانگـەی ڕۆنانـی بیرییـە وای کـردووە پێکهاتـەی زمانیـی هـەردوو ڕسـتەکە جیـاواز بـن و لـە شـیکردنەوەیان بـە وردی جیاوازیـی مانـای دوو ڕسـتەکەمان بـۆ دەربکەوێـت.

هۆشـەکیبوون واتـە مێشـکی مـرۆڤ توانـای ئـەوەی هەیـە لـە گۆشـەی جێگـرەوەوە لـە هەمـان ڕووداو و دیمـەن و بـار بڕوانێـت بـە پێـی وێناکـردن، یەکێـک لـە هۆکارەکانـی ئـەو وێناکردنـەش میکانیزمەکانـی ڕوانگـەی بیرڕۆنانـن. کاسـاد (Casad) باسـی ئـەوە دەکات کـە "یەکێـک لـە فاکتـەرە هـەرە گرنگەکانـی مانـا بەبەرداکردنـی ڕسـتەکانی زمـان بریتییـە لـە چەقـی زەینـی ڕسـتە بـەرەو کەسـیبوون یـان بـەرەو بابەتیبـوون" (Casad, 1995, 23). ئـەم نموونەنانـەش ئـەو بنەمایـەی قوتابخانـەی هۆشـەکی پشتڕاسـت دەکەنـەوە کـە بـە هـۆی ڕوانگـەی بیرڕۆنان-کۆنسـتروەڵەوە هیـچ دوو وشـە، دەربڕیـن، دەسـتەواژە و ڕسـتەیەک ڕێـک و لـە سـەدا سـەد هەمـان واتایـان نییـە و هاوواتـای تـەواو نیـن.

لـەم توێژینەوەمانـدا بـۆ پۆلێنکردنـی کـردە و میکانیزمەکانـی ڕوانگـەی بیرڕۆنـان؛ پەیـڕەوی کتێبەکـەی لانەیکـەر دەکەیـن کـە کۆکـەرەوە و فراوانکـەری هەمـوو دیـد و بەرهەمەکانـی لانەیکـەر و تاڵمیـە لەسـەر ئـەم تیـۆرە. بـۆ شـیکارکردن و لێکدانـەوەکان سـتۆک وێـڵ جێبەجـێ دەکەیـن، کـە ئەمـەش ڕەگوڕیشـەی کارەکانـی بـۆ ڕیوڤـن تسـور؛ دامەزرێنـەری ڕەخنـەی هۆشـەکیی شـیعری دەگەڕێتـەوە، لـە پـاڵ ئەمانەشـدا سـوود لـە کاری نووسـەری دیکـەی بـواری قوتابخانـەی هۆشـەکی وەردەگریـن کـە زۆر دیـار و بەرچـاون لـە شـیکردنەوەی دەق و کاری ئەدەبـی لـە چوارچێـوەی ڕەخنـەی هۆشـەکیدا، لەوانـەش: ڕایمۆنـد گیبـس، مـارک تێرنـەر جەوانـە گاڤینـس و جیـراڕت سـتێن و کلـۆوی هاریسـن.

**تەوەرەی چوارەم: کردە و میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیرڕۆنان**

سـەبارەت بـە میکانیزمەکانـی ڕوانگـەی بیرڕۆنـان، لانەیکـەر دەڵێـت: "مانـای هـەر وشـە، وتـە، قسـە، دەربڕیـن، ڕسـتە و پەرەگرافێـک؛ ناوەرۆکێکـی بیریـی هەیـە و زۆر گرنگـە بزانیـن کـە ئـەو ناوەرۆکـە بیرییـە چـۆن ڕۆنـراوە. ئەگـەر ڕۆنانـی مانـای دیمەنێـک وەربگریـن، ئـەوا دەبینیـن مانـا ڕۆنانەکـەی دەوەسـتێتە سـەر ئـەوەی کـە لـە بیرمانـدا چـۆن بـۆ دیمەنەکـە دەڕوانیـن، واتـە چـۆن ڕوانگـەی بیریـمان هەڵدەبژێریـن بـۆ ئـەو دیمەنـە، لـە بـەر چـی ئـەو ڕوانگەیـە هەڵدەبژێریـن و

زۆرترین کۆبیرمان دەخەینە سەر کام بەش و پێکهێنەری و لە چ گۆشەیەکەوە لێی دەڕوانین" (Langacker, 2013, 55). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەیەک کردە و میکانیزمی هۆشەکی هەیە کە بە هۆیانەوە ڕێگە و شێواز و چۆنیەتی و هۆی ڕوانگە ڕۆنانە بیرییەکانی دیمەنێکمان بۆ دەردەخەن، پاشان ئەو ڕوانگە ڕۆنراوە بیرییە بە زمان و کەرەستەکانی دەردەبڕدرێن.

دەربارەی ئەو کردە و میکانیزمانەی ڕوانگەی بیرڕۆنان، "ڕادن و دێرڤن" دەڵێن: "ڕوانگەی بیرڕۆنان چەند کردە و میکانیزمێکی هەیە کە وا دەکەن مرۆڤ بتوانێت زیاتر لە ڕێگەیەکی هەبێت بۆ بیرکردنەوە و ڕامان لە دیمەنێک، یان دۆخێکی دیاریکراو وێناکردنی لە بیریدا و ئینجا دەربڕین و وەسفکردنی بە زمان" (Radden and Dirven, 2007, 21-22). هەروەها دەڵێن: "ڕوانگەی بیرڕۆنان-کۆنستروەڵەکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوتای بنەماکانی ئەو وەرگرتن و درکپێکردن و تێڕوانینانەن کە لە ڕێگەی بینینەوە ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە؛ دەتوانم سەیری پەرداخێک ئاو بکەم کە تا نیوە ئاوی تێدایە و بڵێم نیوەی بەتاڵە، یان بڵێم تا نیوەی ئاوی تێدایە. لە باری بەتاڵییەکە شوێن گۆشەی بیریم لەسەر نیوە بەتاڵەکەیە، ئەو نیوەی کە ئاوەکەی تێدا نەماوە. لە باری دووەمدا شوێن گۆشەی بیریم دەکەوێتە سەر ئەو نیوەی کە ئاوەکەی تێدا ماوەتەوە. کەواتە سەیرکردنی هەریەکێک لەم دوو نیوەی ئەم پەرداخە دەوەستێتە سەر ئەو شوێن گۆشە بیرییەی هەڵدەبژێرم و بەکاری دێنم" (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٢). شوێن گۆشەی بیرییش یەکێکە لە چەند کردە و میکانیزمانەی ڕوانگە ڕونانی بیری و بە گوێرەی ئەم میکانیزمە-شوێنە گۆشەی بیری، تێڕوانین و وێناکردن و وەسفکردنمان بۆ هەمان بار و تەن (پەرداخەکە) دەگۆڕێت. ئەم تێڕوانین و وێناکردن و وسفکردنە گۆڕاوانەش جێگرەوەی یەکترن و پێیان دەڵێن: ڕوانگەی بیرڕۆنان-کۆنستروەڵەکان.

لانەیکەر دەڵێت: "ڕوانگەی بیرڕۆنانەکان وەکوو ئەوە وایە کە لە دیمەنێک دەڕوانی، لە بیردا چوارچێوەیەک بە دەوری ئەو شوێنەدا، تەنەدا، ڕووداوەدا بکێشیت کە دەتەوێت وێنای بکەیت، دەکرێت بە شێوەی جیاجیا ئەو چوارچێوە بەدەور کێشانە ئەنجام بدرێت و ببێتە هۆی وێناکردنی جیاواز. ئەم لەچوارچێوەگرتنەش پەیوەندیی بە بەشداربوو-ڕۆنەر لەگەڵ دیمەنەکە، هەروەها هۆکارەکانی وەکوو زانیاری و پاشخانی کەسەکە، لایەنی فیزیکی و پێکهێنەرەکانی ڕووداوەکە-دیمەنەکە، کات و شوێن هەیە" (Langacker, 2008, 4). ئیتر دەبینین کە ئەو چوارچێوە بەدەور کێشانە میکانیزمێکی دیکەیە کە وا دەکات هەمان دیمەن و بار و ڕووداو بە شێوەی جێگرەوەی شیاو وێنا بکرێن و دەرببڕدرێن و بە زۆرییش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە قسەکەر دەیەوێت جەخت و تیشک بخاتە سەر کوێ و بۆچی. میکانیزمی ڕێکخستن یەکێکە لە کردە و میکانیزمەکانی ڕوانگە ڕۆنانی بیری کە لە لایەن لانەیکەر (Langacker, 2008, 2013) و ستۆکوێڵ (Stockwell, 2009) پۆلێن و ڕێک خراون.

**بەشی دووەم: میکانیزمی "دەرخستن"ی ڕوانگەی بیرڕۆنان لە ڕۆمانەکانی جەمال جەبار غەریبدا:**

**میکانیزمی دەرخستن**

یەکێک لە میکانیزمەکانی ڕوانگەی بیرڕۆنان بریتییە لە دەرخستن. بە گوێرەی تاپانی مۆتۆنێن (Möttönen): "ئەم میکانیزمەش وەکوو هەردوو میکانیزمی دیاریکردنی وردبوون، یا گشتیبوون و کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردن، ڕەهەند و سنوورێکی واتایی بیرە و پەیوەستە بە نیشاندانی لێکنەچوون لە نێوان دوو شت، دوو لایەن، یان دوو بەش و پشکدا. نیشاندانی ئەم لێکنەچوونەش لە سنووری ناو ناوەرۆک و پێکهاتەکانی بیرە، یان لە نێوان پەیوەندیی نێوان ئەو پێکهاتە بیریانەیە. ئەم میکانیزمە بریتییە لە دەرخستنی لایەنێک، یان بەشێکی دیمەنێک یان شتێک بەرانبەر و لەچاو بەش و لایەنێک یان بەش و لایەنەکانی دیکە" (Möttönen, 2016, 68). دەبینین ئەم میکانیزمە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشان و هاوئاست و هاوشێوەی میکانیزمی کۆبیرخستنەسەر-فۆکەسکردنە، لەبەر ئەوەی بنەمای سەرەکیی هەردووکیان دەرخراو و بنکەیە (فیگەر و گراوند). لە هەردوو بنەمادا شتێک زەق دەکرێتەوە، کۆبیر و سەرنجی دەخرێتە سەر و هەڵدەبژێردرێت و

دەبێتــە دەرخــراو، لــە هەمــان کاتــدا لایەنەکانــی دیکــەی هەمــان تــەن، یــان شــتانێکی دیکــە بــە هەمــان ڕادە و ئاســت دەرناخرێــن، لەوانەشــە کــپ بکرێــن، لەگــەڵ ئەوەشــدا زیاتــر بەرچاوخســتن و تێگەیشــتن بــۆ دەرخراوەکــە دەڕەخســێنن و دەبنــە بنکــە بــۆی.

"ئەنگێرێــر و شــمید" باســی ئــەوە دەکــەن "کــە کرۆکــی ئــەم میکانیزمــەی بیرڕۆنــان بریتییــە لــە بیرۆکــەی دەرخــراو و بنکــە (فیگــەر و گراونــد) کــە لــە تیــۆری گشــتاڵدی دەروونزانییــش هــەر بــە هەمــان شــێوەیە. ئــەم دوو نووســەرە ئــەم میکانیزمــە زیاتــر بــە هێــزی پێزانیــن و توانــای بینیــن دەبەســتنەوە کــە تیایانــدا بەشــێک یــان توخمێــک دەبێــتە مەبەســت بــۆ بەدیارخســتن و نیشــان دەدرێــت لــەو کاتــەی دەوروبەرەکــەی دەبنــە باکگراونــد بــۆی" (Ungerer and Schimd, 2006,168). بــە گوێــرەی ئــەو ســەرچاوانەی بەردەســتن، ئــەم میکانیزمــەی ڕوانگــە ڕۆنانــی بیــری بــە شــێوەیەکی زۆر بەربــڵاو لــە ئەدەبــدا لــە بابەتــی پێشخســتن و پاشخســتن کاری لەســەر کــراوە، بــە تایبەتییــش ئــەو نووســەر و توێــژەر و کارانــەی کــە ڕەگوڕیشــەیان بــۆ فۆڕمالیســتی ڕووســی دەگەڕێتــەوە. بــۆ نموونــە؛ توێــژەر باڵدیــک (Baldick) باســی ئــەوە دەکات "لــە چوارچێــوەی دیــدی فۆڕمالیســتی ڕووســیدا، بەدیارخســتن و دەرخســتن بریتییــە لــە پێشخســتنێکی نائاســایی لایەنێــک، توخمێــک، پێکهاتەیــەک لــە دەقــدا، بــە بــەراورد بەوانــی دیکــە و دەوروبــەری کــە دەبنــە چەنــد لایەنێکــی کەمــتر تێبینیکــراو دەرخــراو و ســەرنجدراو" (Baldick, 2001, 11). هــەر نووســەرێکیش بــۆ مەبەســتێک یــان چەنــد مەبەســتێک ئــەم لادانانــە ئەنجــام دەدات، تاوەکــوو ئــەو ڕوانگەیــەی لــە بیریــدا هەیــە؛ بــە تــەواوی یــان نزیککراوەیــی لای وەرگــر ڕۆبینێتــەوە. ڕەنگــە یەکێــک وا بیــر بکاتــەوە کــە وایــە بنەمــای دەرخســتن لــە ژێــر نــاوی پێــش و پاشخســتن، یــان هــەر میکانیــزم و بنەمایەکــی دیکــە لــە چوارچێــوەی تیــۆری دیکــە، زۆر پێــش ســەرهەڵدانی قوتابخانــەی هۆشــەکی و ڕەخنــەی هۆشــەکی باســی لێــوە کــراوە و لەســەر کار و بەرهەمــی ئەدەبیــی جۆراوجــۆر جێبەجــێ کــراوە. لــە ڕاســتیدا هــەر میکانیزمێکــی بیرڕۆنــان یــان بنەمایــەک لــە بنەماکانــی، لــە ژێــر هــەر ناوێــک بــاس کرابێــت لــە دەرەوەی قوتابخانــەی هۆشــەکی بــە گشــتی و ڕەخنــەی هۆشــەکی بــە تایبەتــی، ئــەوا تەنیــا مامەڵــە لەگــەڵ کار و بەرهەمەکــە کــراوە و لێکدانــەوە و شــیکردنەوەی بــۆ کــراوە. واتــە توێژینــەوە لــە دەرئەنجــام و دەرهاویشــتەکە کــراوە. بــەڵام دەبێــت ئــەوە بزانیــن کــە جیــاواز لــە هەمــوو قوتابخانــە و ڕێبازەکانــی دیکــە، لــە قوتابخانــەی هۆشــەکی و بــە تایبەتــی ڕەخنــەی هۆشــەکیدا، لــە ڕێگــەی کار و بەرهەمەکــەوە دەچینــە نــاو مێشــک و بیــری ڕۆنــەرەوە، ئینجــا لێکدانــەوە بــۆ چۆنیەتیــی کــردەی بیرڕۆنــان و بیرکردنــەوەی دەکەیــن. واتــە لــە چۆنیەتیــی گەیشــتن بــەو ئەنجام و بەرهەمــە دەڕوانیــن و شــیی دەکەینــەوە، کــە خــودی هــۆش و بیــری ئــەو ڕۆنــەرە ســەرچاوەی دروســتبوونی ئــەو دەق و بەرهەمەیــە. کەواتــە قوتابخانــە و ڕێبــاز و تیــۆری دیکــە کار لەســەر بەرهــەم دەکــەن و بەرهــەم شــی دەکەنــەوە، ڕەخنــەی هۆشــەکی کار لەســەر ســەرچاوە و پرۆســەی دروســتبوونی ئــەو بەرهەمــە دەکاتــەوە. ئەگــەر قوتابخانــە و ڕێبــاز و تیۆرەکانــی دیکــە کار لەســەر کەرەســتە و پێکهاتــە زمانــی و زمانەوانییــەکان بکــەن، کەچــی لــە ڕەخنــەی هۆشــەکیدا کار لەســەر کەرەســتە و ئامــراز و میکانیزمــە بیــری و هۆشــەکییەکان دەکرێــت. لــە دەرەوەی قوتابخانــەی هۆشــەکیدا شــیکاری و لێکدانــەوە بــۆ ئەنجــام و بەرهــەم دەکرێــت کــە دروســت بــووە، کەچــی لــە قوتابخانــەی هۆشــەکیدا باســی ســەرەتا و چۆنیەتیــی دروســتبوونی ئــەو بەرهــەم و دەقــە دەکرێــت بــەر لــەوەی بــە زمــان دەربــبڕدرێــت و نەبووەتــە دەربڕیــن. هەروەهــا لــە ڕەخنــەی هۆشــەکیدا باســی وردەکاریــی ســتراتیژیەت و میکانیــزم و کــردە و ڕێگــە و هۆیەکانــی ئــەو وشــە، فرێــزە، ڕســتەیە، دێــڕە شــیعرە، پەرەگرافــە، یــان تــەواوی بەرهەمەکــە دەکرێــت لــە خاڵــی دەســتپێکردنیەوە تــا دەگاتــە ئەنجــام و خاڵــی کۆتایــی.

میکانیزمــی دەرخســتن بەســەر چەنــد توخمەپێکهێنەرێــک دابــەش دەبێــت کــە ئەمانــەن:

**١. دەرخستن (پرۆفایل) و بنکە**

لــە ڕوانگــەی بیرڕۆنانــدا ئــەم توخمانــەش زۆر هاوشــێوە و لێکچــووە لەگــەڵ بنەمــای مــەودای بیریــی میکانیزیمــی کۆبیــری (فۆکەســکردن). هەروەکــوو تایلــەر دەڵێــت: "بــۆ هــەر وشــەیەک، دەربڕینێــک یــان ڕســتەیەک؛ بوارێکــی گشــتی لــە

هۆشــمان چــالاک دەبێــت، ئینجــا ســنوورێکی دیاریکــراو لــە نــاو ئــەو بــوارە گشــتییە بــە دەوری مەودایەکــی دیاریکــراو دەکێشرێــت کــە مــەودای ویســتراوە، ماناکــە وێنــا دەکرێــت و لــە بیــردا ڕۆدەنرێــت. بــۆ نموونــە: دەســت، بــواری جەســتە و مــەودای گشــتیی قــۆڵ لــە هۆشــمان چــالاک دەکرێــت، پاشــان ســنوورێک بــۆ مەودایەکــی دیاریکراوتــر دادەنرێــت کــە "دەســتە" لــە نــاو ئــەو مــەودا گشــتییە کــە "قــۆڵ" بەیەکــەوە وێناکــردن و مانــا ڕۆنانەکــە وشــەی "دەســت" لــە بیــردا ڕۆدەنرێــت" (Taylor, 2002, 192). ئــەو بــوارە گشــتییە دەبێتــە دەســتپێک و ســەرەتایەک بــۆ زوو ناســینەوە و گەیشــتن بــە بــوارە دیاریکراوەکــە، کــە مەبەســت و ئامانجــی بیرڕۆنانەکەیــە.

لــە ڕوانگــەی توێــژەران "ڕادن و دێرڤــن"ەوە: "لــەم میکانیزمــەدا بــۆ بەدیارخســتنی دەســت، پێویســتمان بــە 'قــۆڵ'ە وەک بنکــە، بــەڵام جیاوازییەکــەی ئــەم میکانیزمــە لەگــەڵ مــەودای بیــری ئەوەیــە کــە ئــەم میکانیزمــە بریتییــە لــە باســکردنی ئــەو ڕووە، ئــەو لایــەن یــان تایبەتمەندییــەی شــتێک کــە بەدیــار دەخرێــت و دیــاری دەکرێــت. هەروەهــا دەکرێــت مەودایەکــی گشــتیی بیــری لــە نێــوان چەنــد ڕووێــک، یــان لایــەک، یــان تایبەتمەنــدی و پێکهاتەیــەک هاوبــەش بێــت و ببێتــە بنکــە بــۆ هەموویــان. بــۆ نموونــە: بــۆ 'دەســت'؛ مــەودا گشــتییەکەی "قــۆڵ"ە، واتــە دەســت دیاریکــراوە و قــۆڵ بنکەیەتــی، لــە هەمــان کاتیشــدا بــۆ ئانیشــک، مــەودا گشــتییەکە دیســان قۆڵــە و دیاریکراوەکــەش جیــاوازە و ئانیشــکە" (Radden and Dirven, 2007, 30). ئــەم میکانزیمــە بــاس لــە هەبوونــی بنکــەی هاوبــەش لــە نێــوان چەنــد دیاریکراوێــک دەکات و تایلەریــش نموونەیەکــی باوتــر دەهێنێتــەوە "کــە ڕۆژەکانــن: یەکشــەم، دووشــەم، سێشــەم... هتــد، هەریەکەیــان بەشــێک یــان کاتێــک بەدیــار دەخــات و دیــاری دەکات و هەفتــەش بنکەیــە بــۆ هەمــووان. لەســەر بنەمــای تێگەیشــتن لــە مــەودای گشــتیی هەفتــە، دەتوانیــن مانــای ئــەو ڕۆژانــە ڕۆبنێیــن. خــۆ ئەگــەر یەکێــک لــە هەســارەیەکی دیکــەوە بێــت و سیســتمی کات دابەشــکردنی جیــاوازی هەبێــت، ئێمــەش پێــی بڵێیــن پێنجشــەم قســە دەکەیــن یــان وەرە، ئــەوا دیاریکــردن و بەدیارخســتنی ئــەو کاتــە هیــچ مانایەکــی بــە لایــەوە نییــە، هیــچ مانایــەک لــە بیریــدا ڕۆنانرێــت، لەبــەر ئــەوەی ئــەو لــە بنەڕەتــەوە مــەودای گشــتیی هەفتــە لــە هۆشــیدا نەبــووە، لێــی تێنەگەیشــتووە" (Taylor, 2002, 194). دەکرێــت ســەرنجی ئــەوە بدەیــن کــە ئــەم بنەمایــەی میکانیزمــی دەرخســتن بریتییــە لــە دیاریکردنــی بــەش لــە گشــتیدا.

لانەیکــەر باســی خاڵێکــی دیکــەی ئــەم بنەمایــە دەکات کــە پێدەچێــت جیاکەرەوەیەکــی دیکــەی ئــەم بنەمایــە بێــت لــە بنەمــای مــەودای بیــری لــە نــاو میکانیزمــی کۆبیــری- فۆکەســکردن، "ئەویــش ئەوەیــە ئــەو شــتەی یــان تەنــەی کــە بەدیــار دەخرێــت و دیــاری دەکرێــت، دەکرێــت لــە چەنــد ڕوویــەک و لایەکــەوە بێــت، واتــە ڕوو و لای بەدیارخســتنی بگۆڕێــت، لــەو کاتــەی بنکەکــەی هــەر نەگــۆڕە. بــۆ نموونــە: "پلــک"، کــە کەســێک دەڵێــت: ئــەوە "پلکمــە"، ڕوویەکــی یــان تایبەتمەندییەکــی ئــەو کەســە بەدیــار دەخــات و دیاریــی دەکات کــە "پلک"بوونــە، بنکەکەشــی خزمایەتییــە، یــان پەیوەندیــی خێزانییــە. واتــە دەبێــت ســەرەتا خزمایەتــی و پەیوەندیــی خێزانــی لــە هۆشــمان هەبێــت و تێبیگەیــن، ئینجــا لــەو ڕوانگەیــەوە مانــای پلــک ڕۆبنێیــن. دەکرێــت هەمــان کــەس کــە بــە پلــک بەدیــار خــراوە و دیــاری کــراوە، بــۆ کەســێکی دیکــە ببێتــە مامــۆژن، خاڵــۆژن، ئامــۆزا... هتــد، دەبینیــن خــودی کەســەکە هــەر هەمــان کەســە و نەگــۆڕە، بــەڵام تایبەتمەنــدی و ڕوو و لایەنــی بەدیارخســتنی دەگۆڕێــت، کەچــی بنکەکــەی هــەر خزمایەتییــە و نەگــۆڕە" (Langacker, 2013, 67). ئــەو بــوارە گشــتییەی لــە هــۆشی هەریەکەیــان دیــاری دەکرێــت، هەمــان بنکەیــە کــە پەیوەندیــی خزمایەتییــە، بــەڵام بــوارە دیاریکراوەکــە جــۆری پەیوەندییەکــە لــە نــاو خزمایەتییەکــەدا بەدیــار دەخرێــت و دیــاری دەکرێــت.

هەریــەک لــە "ئەنگێــرەر و شــمدیش" پێیــان وایــە: دەرخــراو و بنکــە تەنیــا پەیوەســت نییــە بــە پۆلێکی دیاریکــراوی ڕســتەوە، دەڵێــن: "ئــەم دوو بنەمایــە مــەرج نییــە تەنیــا لــەو وشــانەدا هەبێــت کــە لــە پۆلــی ناویــن، بەڵکــوو لــە وشــەی کاریشــدا هــەن. بــۆ نموونــە: 'هــات'، 'گەیشــت' دوو کاری تێنەپــەڕن، هەردووکیــان بنەمــای گشــتیان بریتییــە لــە جووڵەکــردن، هەردووکیشــیان جووڵەکردنەکەیــان بــە درێژایــی ڕێڕەوێــک بــووە لــە بۆشــاییدا بــۆ خاڵــی کۆتایــی ئــەو شــوێنەی دەیانەوێــت" (Ungerer and Schimd, 2006, 189). دەبینیــن

لـە هۆشـماندا هـەردوو كارەكـە بنكەیەكـی هاوبەشـیان هەیـە كـە جووڵەكردنـە، لـە نـاو ئـەو جووڵەكردنەشـدا تەنێكـی جـووڵاو هەیـە كـە كات، ڕێـڕەو، خاڵـی دەسـتپێک، خاڵـی كۆتایـی و شـوێنی مەبەسـت هەیـە. بـەڵام ئـەو لایەنـەی لـەو جووڵەیـە بەدیـاری دەخـەن جیـاوازن، بـۆ ئەمـەش نموونـەی كارەكانی (هـات، گەیشـت) دێننـەوە و دەڵێـن: "كاری 'هـات' تـەواوی هەمـوو ڕووداوی جووڵەكردنەكـە دیـاری دەكات و دەردەخـات، بـە جۆرێـک كـە لـە وێناكردنـی بیریمانـدا تـەواوی ڕێـڕەوی جووڵەكردنەكـە هەسـتی پـێ دەكرێـت. لـە بەرانبـەردا كاری 'گەیشـت' تەنیـا بەشـێكی ئـەو جووڵەكردنـە بەدیـار دەخـات، ئەویـش بەشـی كۆتایـی جووڵەكردنەكـە و پێنانـە شـوێنی مەبەسـتە" (هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو، ١٨٩). هـەردوو خاڵـی سـەرەتا و كۆتایـی كردەكـە لـە بیـردا چـالاک دەكرێـن و جووڵـە بیرییەكـە لـە خاڵـی یەكەمـەوە بـۆ خاڵـی كۆتایـی و ئەنجـام دەبێـت.

### نموونـەی میكانیزمـی دەرخسـتن و بنكـە لـە ڕۆمانـەكانی "جەبـار جەمـاڵ غەریـب"دا

ئـەم میكانیزمـە وەک هـەر میكانیزمێكـی بیریـی دیكـە تانوپـۆی ڕۆمانـەكانی ڕۆماننـووسی گرتووەتـەوە، ڕوانگـەی بەشـێک لـە ڕۆنانـە بیرییـەكانی پـێ ڕۆنـاوە و وەرگریـش لـە كاتی وەرگرتـن و ڕۆنانـەوەی هـەر ڕوانگەیەكـدا لـە بیریانـدا هەمـان بـواری گشـتی و دیاریكـراو لـە هۆشـیاندا ڕۆدەنرێتـەوە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانـج و مەبەسـتی ڕۆماننـووس لـە دەربڕینـی ڕوانگـە بیرییەكەیـدا. بـۆ نموونـە: لـە ڕۆمـانی "بنووسـە خوێـن"دا، ئـەو كاتـەی ڕۆماننـووس بـاس لـە محیەدیـن دەكات بـۆ ناسـاندنی و گەیشـتن بـە مـەودا بیرییەكـە، بـەم شـێوەیە ڕوانگـە بیرییەكـەی ڕۆنـاوە: "محیەدیـن، كـوڕی گەورەكـەی مەدحـەت، زڕبراكـەی شـەكیب، كـە هـەر پێیـان دەگـوت محـۆ، زۆری چـاوەڕێ نەكـرد، هـەر ئەوەنـدەی شـەكیب ون بـوو، شـەهلا هاتـە دەرێ، بـە كۆڵانەكـەی پشـت ماڵـی شـەكیبدا سـووڕایەوە، چـووە سـەر كۆڵانـە سـەرەكییەكە، بـە كـۆڵانی پشـت مزگەوتەكـەی مـەلا عەونیـدا چـووە خـوارێ، هێشـتا ڕەبابەكـەی سـەر جـادە چەكـداری لـێ بـوون، هاتـەوە ماڵـی خۆیـان چـووە ژوورێ، زۆر گیـر نەبـوو، عەبایەكـی بـە سـەر سـەری خۆیـدا دابـوو، بـە لای چەپـی شـەقامەكەدا شـۆڕ بـۆوە" (غەریـب، ٢٠٢١، ٤٣٧).

محیەدیـن كـە دیـاری كـراوە و بـاس كـراوە، بـە لایەنێـک ناسـێنراوە بـەوەی كـە دەكاتـە كـوڕی مەدحـەت، كـە ئەویـش زڕبـرای شـەكیبە، كـە وایـە محیەدیـن بـرازای شـەكیبە. ئـەوەی بەدەرخـراوە محیەدینـە، كـە لـە لایـەک بـە هـۆی باوكیـەوە دیـاری كـراوە كـە مەدحەتـە و لـە لایەكـی دیكـەوە بـە هـۆی شـەكیبەوە كـە مامیـەتی، محیەدیـن هەمـان كەسـە و نەگـۆڕە، بـەڵام لایەنـە دیاركـراوەكانی گـۆڕاون و لـە ڕێـی ئـەو پەیوەندییـەوە دیـاری كـراوە كـە لەگەڵیانـدا هەیـەتی. بنكـەی ئـەم ڕسـتەیەش ئـەو پەیوەندییـە خزمایەتییەیـە كـە لـە نێوانیانـدا هەیـە و مـەودای گشـتییە، تـا ئـەو مەودایـەش لـە بیـردا چـالاک نەكـرێ؛ تێیناگەیـن و دیـاری ناكرێـت، ئـەو پەیوەندییـەش لـە هـۆشی تاكەكانـدا هەیـە و دوای تێگەیشـتن ئینجـا مەودایـە ویسـتراوەكە دیـاری دەكرێـت كـە محیەدینـە و بووەتـە بنكـەی دوو لایـەنی خێـزانی جیـاواز.

"... شـتێک كەمالـی هـان دا زیاتـر دەربـارەی مـام و ئامۆزاكـەی بزانـێ..." (غەریـب، ٢٠١٨ ، ١٩٠)

لـە ڕۆمـانی "سـەردەمی گریـانی بەڵقیـس"دا، ئـەو كاتـەی كەمـالی باوكـی نیـان لێپرسـینەوە لەگـەڵ نەجـم دەكات و تۆمەتبـاری دەكات بـەوەی كـە مـام و ئامۆزاكـەی كوشـتووە و نەجمیـش بـۆی ڕوون دەكاتـەوە چـۆن دەسـتی نەگرتـووە دەمانچەیـان بـە ڕوودا ڕابگـرێ، بەڵكـوو ئەفسـەرێكی عـەرەبی ڕەشـتاڵە دەسـتڕێژی كردووەتـە سـەر بەندییـەكان كـە ئەوانیـش بەشـێک بـوون لـەو بەندیيانـە. پەیوەندیـی نێـوان كەمـال و مامـە غالـب و عوسـمانی كـوڕی مامـە غالـب؛ پەیوەندیـی خزمایەتییـە و مامـە غالـب لایەكـی ئـەو پەیوەندییەیـە، لـە لایـەک باوكـی عوسـمانە، لـە لایەكـی دیكـەوە مامـی كەمالـە. مامـە غالـب هەمـان كەسـە و نەگـۆڕە، بـەڵام ڕووی بەدەرخسـتنی جیـاواز و گـۆڕاوە، كەچـی پەیوەندییـە خزمایەتییەكـە یـان خێزانییەكـە كـە بووەتـە بنكـە، نەگـۆڕە.

هەروەهـا لـە ڕۆمـانی "بنووسـە خوێـن"دا هاتـووە: "گوڵخاتـر لـە زیـڕەی نەشـمیلی كچـە پـازدە سـاڵانەكەی حەسـەنی زێڕەنگـەرەوە زانیـی كـە حەسـەن، كـە دووەم جـار بـوو بـە سـەربازی بگیـرێ؛ كـوژراوە، مەیتەكـەی بـە ئالایەكـی تـازەوە

گەیشــتەوە بــەردەم مزگــەوت" (غەریــب، ٢٠٢١، ١٣٩)
کاری گەیشــت لــە بیــردا کارێکــە کــە خاڵێکــی کۆتایــی و ئەنجامێــک دیــاری دەکات، وێنەیەکــی جێگیــر و وەســتاو نیشــان دەدات، بنکــەی کاری گەیشــت جووڵەکردنــە لــە خاڵێکــەوە بــە ڕێڕەوێــک تــا خاڵــی کۆتــا و مەبەســت، جــا مــەودا و درێژیــی ئــەو ڕێــڕەوە دیــاری نەکــراوە، بــەڵام لــە بیــردا جووڵــە و مــەودا و خاڵــی مەبەســت هەیــە. کــە دەڵێــت: مەیتەکــەی حەســەن گەیشــتە بــەردەم مزگــەوت، مەودایەکــی گشــتی لــە هۆشــدا چــالاک دەبێــت کــە جووڵەیــە و بنکــەی کاری "گەیشــت"ە و لایــەنی دەرخــراوە، لــە بیــردا وێنــای بــەشی کۆتایــی جووڵەکــردن و خاڵــی مەبەســت و دیــاری کــراوە کــە مەیتەکــەی بــۆ هێــنراوە. بــە پێچەوانــەی ئەمــەوە؛ کاری هاتــن هاوبنکــەی کاری گەیشــتنە، ڕێــڕەوی ســەرەتای جووڵەکــردن بەدیــار دەخــات تــا خاڵــی مەبەســت و ئەنجــام.

**٢. درکەی گۆڕانی بەدیارخستن (کنایە)**

ئەگــەر تــا ئێســتا پێناســەی درکەمــان کردبێــت بــەوەی درکــە: "ئەوەیــە کــە ڕاســتەوخۆ نــاوی شــتێک نەبەیــت، بەڵکــوو بچــی نــاوی شــتێکی دیکــە ببەیــت کــە پەیوەندیــی بــە مانــای یەکەمــەوە هەبێــت، بــۆ ئــەوەی لــەو مانــا باســکراوە و بــۆ مانــا مەبەســتە هێمابۆکراوەکــە بچێــت" (گــەردی، ١٩٧٥، ٨٨). ئــەوا لــە ڕەخنــەی هۆشــەکیدا تــەواو جیــاوازە و لــە دیــدی "ویلیــەم کرۆفــت"ەوە "هەندێــک جــار بــە هــۆی گۆڕانــی بەدیارخســتن درکــە دروســت دەبێــت. کاتێــک دەربڕینێــک کــە لــە بنەڕەتــدا و بــە شــێوەیەکی ئاســایی بــۆ دەرخســتنی تەنێــک یــان شــتێک بــەکار دێــت، بــەڵام لــە بریــی ئــەوە بــۆ دەرخســتنی شــتێکی دیکــەی یــان لایەنێکــی دیکــەی پەیوەســت بــەو شــتەوە بــەکار هێــنرا، ئــەوا درکەیــە" (Croft, 1993, 337). بــۆ نموونــە لــەم دەقانــەی خــوارەوەدا کــە نــاوی کەســایەتییەکان هاتــوون، تەنیــا بــۆ واتــا و فۆڕمــی خۆیــان بــەکار هاتــوون، وەکــوو: "... ئێســتا ئێمــە هیچــمان کەمــتر نییــە لــە جــورج واشــنتۆن، لــە محەمــەدی فاتیــح، لــە هۆلاکــۆ و جەنگیــز خــان..." (غەریــب، ٢٠١٣، ٩٣)

"... دڵــی بــە وێنــەی پاندانێــک خــۆش بــوو کــە بەرنادشــۆ زیاتــر لــە دوانــزە ســاڵ بــەکاری هێنــاوە و دواتــر پاندانەکــە لــە مۆزەخانــە دزرا." (غەریــب، ٢٠٠٩، ١٣)

لــە ڕۆنــانی بیریــی ئــەم دوو دەقــەی هەریــەک لــەم ڕۆمانانــەدا، هەریــەک لــە کەســایەتییەکانی جــورج واشــنتۆن، محەمــەدی فاتیــح، هۆلاکــۆ و جەنگیــز خــان و بەرنادشــۆ کەســایەتیی مێژووییــن و بەدەرخــراون لــە نێــوان کەســایەتییەکانی دیکــەی مێــژوو کــە بنکــەی ڕســتەکەن و هەریــەک لــەم کەســایەتییانە بــە فــۆڕم و واتــای خۆیــان بــەکار هاتــوون و هیــچ مەبەســتێکی دیکــە هەڵناگــرن، بــەو واتایــەی کــە واتایەکــی دیکەیــان جگــە لــەوەی ئامــاژە بــن بــۆ ئــەو کەســایەتییانە؛ هەڵنەگرتــووە. ئــەو مــەودا گشــتییەی لــە بیــردا ســەرەتا چــالاک دەکــرێ کەســایەتییە دیــار و نــاسراوەکانی مێــژوون، کــە ئــەم مەودایــە چــالاک کــرا و دیــاری کــرا، مەودایەکــی دیکــە لــە نــاو ئــەو مــەودا چالاککــراوەدا دیــاری دەکرێــت و ســنوورەکەی بەرتەســکتر دەبێتــەوە و کۆبیــری ســەرەکیی دەکەوێتــە ســەر، بــەڵام هەنــدێ جــار ئــەو لایەنــەی بەدەرخــراوە بــۆ دەرخســتنی خــودی ناوهێــنراو بــەکار نایــەت، بەڵکــوو لایەنێکــی پەیوەســت بــەو بەدەردەخــات، ئــەو تەنــەی ئامــاژەی بــۆ کــراوە؛ بــۆ دەرخســتنی تەنێکــی دیکەیــە کــە ئــەو کاتــە دەبــن بــە درکــە، وەکــوو: "چــاوەڕێ بــوون دوو بوتڵــە بچووکــە ژەهرەکــە هەســتن و دەرگا بکەنــەوە..." (غەریــب، ٢٠١٨، ٢٦٦)

دوای ئــەوەی ســەروەر و نیــان بڕیــاری هەڵهاتــن دەدەن و لــە هۆتێلێــک ڕۆژانی هەنگوینییــان بەســەر دەبــەن، بــەڵام بــە هــۆی مەترســیی گــەڕان و دۆزینەوەیــان لــە لایــەن کەســوکاری نیانــەوە، بڕیــاری خۆکوشــتنیان بــە ژەهــر دەدەن. بوتڵــی ژەهــر شــتێکی مــاددی و نازینــدووە، بــەڵام بووەتــە لایــەنی دەرخســتن بــۆ نیــان و ســەروەر، واتــە لــە بریــی ئــەوەی بگوترێــت چــاوەڕێ بــوون نیــان و ســەروەر هەســتن دەرگاکــە بکەنــەوە، بــەڵام بیرڕۆنــەر بیرڕۆنانەکــەی بــە درکــە دەربڕیــوە، وەرگریــش بــێ هیــچ کێشــەیەک بیرەکــە ڕۆدەنێتــەوە و بــە ئاســانی تێیــدەگات و ڕوانگەیــەک بــۆ ڕۆنــانی مانایەکــە ڕۆدەنێــت و تێــدەگات و بیــری خۆکوشــتنیان بــە ژەهرەکــە لــە بیــردا بەدەردەخــات. دەکــرێ کۆمەڵێــک تەئویــل و مەدلــوولی دیکــەش لەخــۆ بگرێــت و ئامــاژەش بێــت بــۆ ئــەوەی ئــەو دوو عاشــقە وەک ژەهــر بــوون بــۆ خێزانەکانیــان، بــەوەی ڕەچــاوی بــاری خێــزانی و کۆمەڵایەتییــان نەکــردووە. خــۆ نووســەر دەیتــوانی بــە ئاســایی

و بــە ناوهێنــانی کەســایەتییەکان بیرەکــە دەربڕێــت، بــەڵام لــە ڕێگــەی گــۆڕانی شــتی ئاماژەپێــدراو (دوو بوتڵــی بچووکــی ژەهــر) و بەدیارخســتنی تەنێکــی دیکــە (ســەروەر و نیــان) درکــەی دروســت کــردووە و بــە ڕۆنــانی جێگیــرەوەی بیریــی بیرەکــەی ڕۆنــاوە.

"کاکــۆی ژەنیــاری مــوراد بــەگ بیــری لــەو باوکــە موســوڵمانەی کــردەوە کــە تــا ئێســتا پەنــا بــۆ کتێبــە ســەوزەکەی دەبــا." (غەریــب، ٢٠٠٩، ٦٤)

کتێبــی ســەوز ئاماژەیــە بــۆ قورئــانی پیــرۆز. شــتی ئاماژەپێــدراو کتێبــی ســەوزە، بــەڵام مەبەســتی دەرخســتنی تەنێکــی دیکــەی دیاریکــراوە لــە بیــردا کــە قورئانــە. ئــەم ڕوانگــە بیرییــە بــە تایبــەت لــە کۆمەڵگایەکــی موســوڵماندا زۆر بــە ئاســانی دەتوانرێــت ڕۆبنرێتــەوە. ئــەوەی زانــراوە لــە کۆنــدا زۆربــەی قورئانــەکان بەرگیــان ســەوز بــووە، یــان ئەوەتــا ئــەو پارچــە قوماشــەی تێــی دەئاڵێــنرا؛ ڕەنگــی ســەوز بــوو، بۆیــە لــە بیــردا بــەم شــێوەیە دیــاری کــراوە، بیریــش بــە ئاســانی دیاریــی دەکات و دەیناســێتەوە "'بلانــک و کــۆچ' (Koc ،Blank) لــە کتێبەکەیانــدا بــە نــاوی 'Historical Meaning and Cognition' (مانــای مێژوویــی و هــۆش)دا باســی ئــەوە دەکــەن کــە لــە هەمــوو قوتابخانــەکانی واتــا و ڕۆنــانی واتــادا؛ واتــای مێژوویــی پەراوێــز خــراوە، یــان ڕۆڵێکــی ئەوتــۆی بــۆ نەهێڵراوەتــەوە جگــە لــە ڕەخنــەی هۆشــەکی نەبــێ، کــە مانــای مێــژووی بــە بناغــە و کۆڵەگــەی ڕۆنانــی مانــای وشــە و دەســتەواژە و ڕســتەکان دادەنێــت" (Blank and Koch, 2013, 17). هەروەهــا دەربڕینــی گرێــی "باوکــە موســوڵمانەکەی" ڕێگەخۆشــکەرێکە بــۆ ڕوانگــە ڕۆنانەکــە تەنانــەت بــۆ ئــەو کەســانەش کــە لــە کۆمەڵگایەکــی موســوڵمان نیــن، یــان ئەوەتــا زانیارییەکــی تەواویــان دەربــارەی ئایینەکــە نییــە بــۆ ئــەوەی بتوانــن ڕوانگــە بیرییەکــە ڕۆبنێنــەوە.

"... ســەردار ســەد دڵ بــوو، شۆڕشــگێڕ بــێ و هامانگــوای بخوێنیــەوە." (غەریــب، ٢٠١٨، ٩٣)

هامانگــوای ئاماژەیــە بــۆ بیــری شۆڕشــگێڕیی هامانگــوای کــە لــە بەرهەمەکانیــدا ڕەنگــی دەدایــەوە نــەک خــودی هامانگــوای خــۆی. ئــەوەی ئاماژەپێــدراوە کەسایەتییەکی دیــاری ئەدەبییــە، بــەڵام ئــەوەی دەرخــراوە بیــرەکانی نووســەرە، وەرگــر لــە ڕێــی درکــەوە بیرەکــە وەردەگرێــت و ڕوانگــە بیرییەکــە ڕۆدەنێتــەوە و نووســەر هــەم لــە دەربڕیــن کورتبڕیــی کــرد، هــەم بــە درکانــدنی نــاوی هامانگــوای پوختــەی کۆبیریــی بەرهەمــەکانی درکانــد.

ســتۆکوێڵ باســی نموونــەی لــەم جــۆرە دەکات کــە کرۆفــت لەســەری دەدوێــت و دەڵێــت: "کــە کاتێــک ئــەم جــۆرە درکەیــە و گۆڕانــی بەدیارخســتن و دیاریکــردن زۆر لــە بەکارهێنانــدا بەربــڵاو دەبــن و بــە نێــو قســەکەراندا ڕۆدەچــن، دەبێتــە ســەرچاوەیەکی دروســتبوونی فرەواتایــی وشــە" (Stockwell, 2009, 18). وەکــوو لــەم نموونەیــەدا کاتێــک نیــان سەرزەنشــتی ســەردار دەکا بــەوەی کــە نێــوانی هەمــوان ڕێــک دەخاتــەوە و دڵــی هەمــووان ڕادەگرێــت و بــەو ســیفەتانەی بــە تایبــەت ســەرەنجی کچــەکانی بــۆ خــۆی ڕاکێشــاوە و پێــی دەڵێــت: "... خــۆت کــردووە بــە فریشــتەی فریــادڕەس، نێــوانی هەمــووان ڕێــک دەخەیــەوە، بەدەنــگ هەمووانــەوە دەچــی، کێشــەی هەمــووان بــە هیــی خــۆت دەزانی، ڕاســتگۆیت و جێــی متمانەیــت، تەنهــا درۆ لەگــەڵ خــۆت دەکــەی. ســەردار دیســانەوە پرســییەوە، مــن؟ خــۆت کــردووە بــە مەســیح، بــە میدیــاوە هەمــوو بەشــی فەڕەنســیت شــێت کــردووە، ڕەمزیــە هــار بــووە، هــەر باســی تــۆ دەکات..." (غەریــب، ٢٠١٨، ٥٢)

لــە ئایینــی مەســیحیەت و تەنانــەت لــە ئایینــی پیــرۆزی ئیسلامیشــدا مەســیح ڕەمــزی ڕزگاریکــەر و فیداکارییــە، ئــەو وشــەیە لــە بەکارهێنانــدا تەنیــا لــە ســنووری پێغەمبەرێــک و ئایینێکــدا نەماوەتــەوە، بەڵکــوو واتایەکــەی فــراوان بــووە و دەلالاتی دیکــەی وەرگرتــووە. لــە پــاڵ ئاماژەکــردنی بــۆ عیســای مەســیح، ئاماژەیەکــە بــۆ ئــەو بیروبــاوەڕەی مەسیح هەیبــووە بــۆ ڕزگارکــردنی خەڵــک و ئــەو کەســانەی پێویســتیان پێــی هەبــووە. لــە ڕۆنــانی ئــەم ڕوانگــە بیرییەشــدا مەبەســتی نیــان ئاماژەکردنــە بــەو بیروبــاوەڕە، نــەک خــودی پێغەمبــەر مەســیح کــە ئایینــی مەســیحیەتی بــڵاو کردووەتــەوە، تەنیــا ســیفەتێکی ئــەوی وەرگرتــووە و زەقــی کردووەتــەوە. بارکــردنی واتــای ڕزگارکــەر لــە پــاڵ عیســای مەســیح و ئایینــی مەســیحیەت بــۆ زۆریــی بەکارهێنــانی وشــەکە لــە لایــەن بەکارهێنــەرانی دەگەڕێتــەوە واتــا ســەرەکییەکەی کــە یەکتاپەرســتییە تــا ڕادەیــەک لــێ بووەتــەوە و زیاتــر واتــای ڕزگاریکــەری لــە خــۆی بــار کــردووە.

**٣. جووڵەدار و نشینگە (شوێنگە)**

بنەمایەکـــی دیکـــەی میکانیزمـــی دەرخســـتنی ڕوانگـــە ڕۆنانـــی بیـــری بریتییـــە لـــە جووڵـــەدار و نشینگە/شـــوێنگەی جووڵـــەدار. تایلـــەر دەڵێـــت: "وشـــە پـــۆل ناوییـــەکان شـــتێک دیـــاری دەکـــەن، بـــەڵام وشـــەی پۆلـــی کاری و ئاوەڵنـــاوی و ئاوەڵـــکاری و بەنـــدی هەموویـــان باســـی پەیوەنـــدی دەکـــەن و پەیوەندییـــەک دیـاری دەکـەن. هـەر چـی ڕسـتە و پێکهاتـە ڕێزمانییەکانیشـــن هـــەر پەیوەنـــدی دیـــاری دەکـــەن. کاتێکیـــش شـــتێک دیـاری دەکرێـت؛ تەنیـا ئـەو شـتە دیاریکـراوە بەدیـار دەخرێـــت و بەدەردەخرێـــت، بـــەڵام کاتێـــک پەیوەندییـــەک دیـاری دەکرێـت؛ زیاتـر لـە شـتێک بەدەردەخرێـت" (Taylor, 1995, 41). کـە وایـە ئەگـەر بنەمـای بەدیارخسـتن و بنکـە زیاتـر پەیوەسـت بێـت بـە دیاریکردنـی شـتێک، ئـەوا بنەمـای جووڵـەدار و نشینگەی/شـوێنگەی جووڵـەدار زیاتـر پەیوەسـتە بـە بەدیارخسـتنی پەیوەنـدی. ئەگـەر لـە بنەمـای بەدیارخسـتن و بنکـە تەنیـا یـەک تەن/شـت دیـار بکرێـت، ئـەوا لـەم بنەمایـەدا زیاتـر لـە شـتێک/تەنێک بەدیـار دەخرێـت.

هیڵفێرتـــی (Hilferty) باســـی ئـــەوە دەکات: "کـــە بنەمـــای جووڵـــەدار و نشینگەی/شـــوێنگەی جووڵـــەدار بـــۆ تیـــۆری گشـتاڵدی دەروونزانـی دەگەڕێتـەوە، کـە دایـک و سـەرچاوەی لەدایکبوونـی قوتابخانـەی هۆشـەکییە. ئـەم بنەمایـە هاوئاسـتی بنەمـای تـەن و بنکەیـە (فیگـەر و گراونـد)، کـە لـە بوارێکـی بیـــردا بـــۆ ڕۆنانـــی مانایـــەک ڕوانگەیـــە دەگرێتـــە بـــەر کـــە تیایـدا تەنێک/شـتێک کـە جـووڵاوە بەدیـار دەخرێـت، تەنێکـی دیکـە دەبێتـە نشینگەی/شـوێنگەی ئـەو تەنـە جـووڵاوە. ئـەو تەنـەی کـە دەبێتـە شـوێنگە و خاڵـی شـوێندەرخەر/دەرخەری و ئاماژەپێـدەر و شـوێن نیشـاندەری ئـەو تەنـە جووڵـەدارە، خـۆی کەمـتر بەدیـار دەخرێـت. بـە بـەراورد بـە جووڵـەدار، نشینگەی/شـوێنگەی جووڵـەدار لـە ڕووی قەبـارەوە گەورەتـرە و شوێنەکەشـی تـا ڕادەیـەک جێگیـرە" (Hilferty, 2001, 660). بـە پێـی ئـەم دیـدە، کاتێـک لـە ڕێگـەی ئـەم بنەمایـەوە پەیوەندییـەک بەدیـار دەخرێـت، دیارتریـن و بەرچاوتریـن تـەن و بەشـداربووی نێـو ئـەم پەیوەندییـە بریتییـە لـە جووڵـەدار-تەنـی جووڵەدار-جـووڵاوە، چونکـە جووڵـەدار شـوێنی بـۆ دیـاری دەکرێـت، وەسـف دەکرێـت، یـان هەڵدەسـەنگێنرێت.

هـــەر بۆیـــە کۆبیـــری ســـەرەکی لەســـەر جووڵـــەدارە لـــەو پەیوەندییـە بەدیارخـراوەدا. لـە بەرانبـەردا بەشـداربوو و تەنـی دیکـەی نێـو ئـەو پەیوەندییـە بەدیارخـراوە کۆبیـری دووەمـی/ لاوەکیـی دەکەوێتـە سـەر، ئەویـش نشینگەی/شـوێنگەی خاڵـی ئاماژەپێـدەر و شـوێن نیشـاندەر و شـوێندەرخەری/دەرخەری جووڵـەدارە.

دێوێـــل (Dewell) ئامـــاژە بـــۆ ئـــەوە دەکات کـــە بنەمـــای جووڵـەدار و نشینگەی/شـوێنگەی جووڵـەدار: "بریتییـە لـەوەی لـە هـەر ڕسـتە، وەسـف و دەربڕینێکـدا، تەنێـک دەجووڵێـت و دەگۆڕێـت، جـووڵان و گۆڕانەکەشـی بـە درێژایـی ڕێڕەوێـک دەبێـت، جـا ئـەو ڕێـڕەوە ڕاسـتەقینە بێـت یـان خوازەیـی/ مێتافـۆڕی، بـەرەو شـێوێنێک یـان شـتێک دەجووڵێـت/ دەگۆڕێـت، کـە وەرگریەتـی نشینگە/شـوێنگەکەیەتی. زۆربـەی ئـەو جـووڵان و گۆڕانانـەش لـە سـیفەت و تایبەتمەندییەکانـی وەکـوو کات، شـوێن و شـێوە دەبێـت" (Dewell, 2007, 291). "... سـەگێکی سـپیی گـەورە وەک تیـر بـەرەو مـن دێـت." (غەریـب، ٢٠٠٩، ١٩٨)

لـە ڕۆمـانی "پێنجەمیـن کتێـب"دا، لـە لاپـەرە سـێزدەی ئـەو دەفتـەرەی کاکـۆ لـە دایکـی دزیـوە؛ ڕووداوی ئـەو ژن و منداڵـە نووسراوەتـەوە کـە دەروێـش ویسـتوویەتی ڕزگاری بـکات و تاوەکـوو لـە شـار دەربچێـت و بـە ئـازادی بـژی، بـەڵام لـە لایـەن کاروانێکـەوە ڕێگایـان لـێ دەگیرێـت. بگێـڕەوە لـە ڕۆنـانی دیمـەنی هێـرشی سـەگەکە بۆیـان ڕوانگـەی دیمەنەکـەی بـەم شـێوەیە لـە بیریـدا ڕۆنـاوە، سـەگێکی سـپیی گـەورە تـەنی جووڵـەدارە و بکـەری ڕسـتەی دەقەکەیـە. هەروەهـا کـەسی قسـەکەر شـوێنگەی جووڵـەدارە و دەرخـەر و شـوێن نیشـاندەری سـەگەکەیە دیـاری کـردووە، کـە ئاراسـتەی سـەگەکە بـەرەو ڕووی قسـەکەرە و کۆبیـری سـەرەکی لەسـەر بـەشی جووڵـەداری ڕسـتەکەی دەقەکەیـە، لـە بەرانبـەردا قسـەکەر وەک خاڵێکـی جێگیـر و وەسـتاو کەمـتر بەدیـار خـراوە و کەمـتر کۆبیـری خراوەتـە سـەر، ئاراسـتەی جووڵەکـردنی بـەشی جووڵـەداری ڕوانگـە بیرییەکـە بـەرەو ئـەوە. ڕستەکە بـەم شـێوەیە ڕۆنـراوە:

**سەگێکی سپیی گەورە وەک تیر بەرەو من دێت.**

↓ بکەر ↓ ڕێڕەو ↓ بەرکار

"چەند کەسی چەکدار بە بەرگی مەدەنییەوە بەرەوپیرمان هاتن." (غەریب، ٢٠٢١، ٢٦٩)

لە ڕۆمانی "کەوتنی ئاسمانەکان"دا، لە ڕووی ڕوانگەی بیرییەوە چەند کەسی چەکدار بەشی جووڵەدار و بەدیارخراوە و لە ئەرکی ڕێزمانییشدا بکەری ڕستەکەیە و هەروەها ئەو ڕێڕەوەی ئاراستەی بەشی جووڵەداری دیاری کردووە، ڕێڕەوێکی ڕاستەقینەیی بینراوە و بەرکاری ڕستەکە "پیرمان"ە، بووە بە بەشی نشینگە و دەرخراوی بەشە جووڵاوەکەیە و کەمتر کۆبیری کەوتووەتە سەر وەکوو هۆیەک بەکار هێنراوە، تاوەکوو "چەند کەسی چەکدار" زەق بکاتەوە و بەدیار بخات. ئەوەی کۆبیری سەرەکیی لەسەرە لەم ڕوانگە ڕۆنانە بیرییەدا چەند چەکدارێکە کە هەموو ڕوانگە ڕۆنانەکە لە بازنەی ئەودا دەسووڕێتەوە بۆ نیشاندانی ئەو.

دەبینین بە گشتی ئەو شتەی بە کەرەستەی ڕێزمانیی بکەر دەردەبڕدرێت دەبێتە جووڵەدار، ئەو شتەی/تەنەی بە بەرکار دەردەبڕدرێت دەبێتە نشینگەی/شوێنگەی جووڵەدار. بەڵام هەر تەنیا بکەر و بەرکار بەس نین بۆ بنیاتنانی ڕستەی لەو شێوەیە، بەڵکوو ڤان هۆیک دەڵێت: "ئەوە ئامراز و کارن وا دەکەن بکەر و بەرکار ڕۆڵی جووڵەدار و نشینگەی/شوێنگەی جووڵەدار وەربگرن" (Van Hoek, 2007, 899). هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە ئەو ڕستە لێکدراو و ئاڵۆزانەی کە پەیوەندیی کاتی یان شوێنی لە نێوان ڕستەکان/کلۆزەکان هەیە؛ هەمان بنەمای جووڵەدار و نشینگەی/شوێنگەی جووڵەدار دەبینن و بەو بنەمایەوە مانای ڕستەکە ڕۆدەنرێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٨٩٩).

ئەگەر لە زانست و بوارەکانی دیکەی دەرەوەی ڕەخنەی هۆشەکی ڕستەی ئاڵۆز بریتی بێت لە دوو ڕستە کە یەکیان سەرەکی و ئەوی دیکەیان شوێنکەوتووە (موکریانی، ٢٠٠٤، ٥)، ئەوا لە ڕەخنەی هۆشەکی و زمانەوانیی هۆشەکیدا و سەرچاوەی ڕستەکە لە بیردا و هۆکاری چۆنیەتیی ڕێکخستنی ڕستەکان لە بیردا بەو شێوەیەی قسەکەر مەبەستیەتی لە دەربڕین؛ ڕوون دەکاتەوە. واتە هەنگاوی پێش دروستبوون و دەربڕینی ڕستەکان شی دەکاتەوە.

لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"دا، کاتێک کارۆلین لە دایەلۆگێک کە وەک هونەرێکی گێڕانەوە ڕۆماننووس پەنای بۆ بردوو، لە وەڵاکی دایکی کاکۆدا دەڵێت: "... ئەو ڕۆیشتبوو، پێش ئەوەی مۆڵەتم لێ بخوازێ ڕۆیشتبوو." (غەریب، ٢٠١٨، ٢٦)

کارۆلین ئەم ڕوانگەی ڕۆناوە کە بگێڕەوەی ڕۆمانەکە لە سەر زاری ئەوەوە ڕۆیناوە، دەبینین بەشی یەکەمی گێڕانەوەکە (ئەو ڕۆیشتبوو) ڕۆڵی جووڵەدار دەبینێت و لە بەرانبەردا بەشی دووەمی ڕستەی گێڕانەوەکە (پێش ئەوەی مۆڵەتم لێ بخوازێ ڕۆیشتبوو) کەمتر کۆبیری لە سەرە و ڕۆڵی نشینگەی جووڵەدار دەبینێت. کارۆلین کە دەڵێت ئەو ڕۆیشتبوو، لە بیری خۆیدا جەخت لە سەر ڕۆیشتنی کاکۆ دەکاتەوە و هەموو بیری ڕستە ئاڵۆزەکە لەوێدا کۆ بووەتەوە، واتە بیری سەرەکی لە سەر ئەوە. بەشی دووەمی ڕوانگەی بیرڕۆنانەکە لە بیری کارەکتەردا بۆ ئەوەیە بیکاتە نشینگەی بیرە سەرەکییەکە و ئەوەندەی بەشە جووڵاوەکە جەخت و کۆبیری لە سەر نییە. جا مەرج نییە بەشی جووڵەداری ڕستە هەردەم بکەوێتە بەشی سەرەتای ئەو گێڕانەوانەی یان ئەو ڕوانگەی بیرڕۆنانانەی کە بە ڕستەی ئاڵۆزەوە دەبڕاون و بە پێچەوانەشەوە، بەڵکوو دەوەستێتە سەر گرینگیی هەریەک لە جووڵەدار و نشینگە لە مەبەست و بیری بگێڕەوە و ئەو مەبەستەی لە دوای گێڕانەوەکەیەتی، وەکوو: کاتێک کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی "لە سەر باران دەنووسم" لە کاتی هاتنی ماڵی فەرزەندی هاوڕێی بۆ گەڕەکەکەیان، لە دایکی دەپرسێ، ئەوییش بەو شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: "کە هاتین، ئەوانیش تازە هاتبوون" (غەریب، ٢٠٢١، ١٧١).

ئەوەی سەرنجی سەرەکیی لەسەرە لە بیردا؛ "ئەوانیش تازە هاتبوون"ە، بووەتە بەشی جووڵەداری ڕوانگەی بیرڕۆنانەکە، "کە هاتین" شوێنگەی جووڵەدارە و بەشی لاوەکیی ڕستەکەیە، هەر چەند وەکوو گرینگی لە بیری دایکی کارەکتەری سەرەکیدا هاتنی خۆیان مەبەست و گرینگە بەوەی لە بەشی یەکەمی ڕستەکەدا هاتووە، بەڵام مانای وا نییە ببێتە بەشی جووڵەدار، بەڵکوو بووەتە ئاماژەپێدەر و شوێندەرخەری جووڵەدارەکە کە "ئەوانیش

لێرە بوون"ە کە دیارترین و بەرچاوترین تەن و بەشداربووی نێو ئەم پەیوەندییەیە.

یان ئەو کاتەی بگێڕەوە لە ڕێگای کارەکتەری سەردار باس لە چۆنیەتیی دۆزینەوەی خۆی لە لایەن کەسوکاری نیانەوە بۆ سەروەر دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "دوای ئەوەی تۆم جێ هێشت، لە دووکانەکە منیان دۆزییەوە..." (غەریب، ٢٠١٨، ٣٤٥)

لەم ڕوانگە ڕۆنانەدا، بەشی دووەمی دەربڕینەکە (لە دووکانەکە منیان دۆزییەوە) لە ڕوانگەی ڕەخنەی هۆشەکییەوە بەشی جووڵەدارە، چونکە ئاماژە بە شتێک دەکات و وەسفی دەکات و کۆبیری سەرەکیی لە سەرە، ئەوەی بووەتە نشینگەی ئەو بەشە جووڵاوە "دوای ئەوەی تۆم جێ هێشت"ە کە لاوەکییانە بیرەکەی خراوەتە سەر کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پارستەیە. لە بیری سەرداردا بیری سەرەکی لە سەر دۆزینەوەی ئەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێ کاتەکەی نیشان بدات و بۆ سەروەری دیاری بکات کە چ کاتێک ئەویان دۆزیوەتەوە، بۆیە لە کاتی گێڕانەوەدا بەشی جووڵەدار کەوتووتە دوای بەشی نشینگەی جووڵەدارەکە. هەروەها لە ڕووی ڕیزکردنی کاتەوە کاتی ڕوودانی کاری دووەم دوای ڕوودانی کاری یەکەمە.

### ٤. باری جێگیری و باری جووڵەکردنی جووڵەدار

ئەو بەشەی لە ڕستەدا جووڵەدارە؛ مەرج نییە وێنەیەکی بیریی جووڵەداری هەبێت، بەڵکوو دەکرێت ئەو بارەی جووڵەدارەکە تێی کەوتووە؛ بە تەواوی جێگیر بێت هەروەک هێڵفێرتی دەڵێت: "مەرج نییە ئەو شتەی بەشەی جووڵەدارە هەمیشە لە جووڵەکردندا بێت، بەڵکوو لە هەندێک باردا جووڵەدار بە تەواوی لە ناو نشینگە/ شوێنگەکەیدایە، بەمە دەگوترێت جووڵەداری جێگیر یان گەیشتوو بە نشینگە/شوێنگەی. هەروەها دەکرێت جووڵەدار لە باری جووڵەکردندا بێت بەرەو نشینگەی/ شوێنگەی" (Hilferty, 2001, 661)، بەڵام ئەم جێگیرییە هیچ ڕۆڵی وەکوو بەشی جووڵەداری ڕستەی دەقەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ئەو وێنە هزرییەی دروست دەبێت لە هۆشی نێرەر یان وەرگردا بارەکەی دەگۆڕێت، زۆر جاریش ئەم بارە لەو ڕوانگە بیریانە تێبینی دەکرێت کە نابەرجەستەن، تەنیا لە هزردا وێنا دەکرێن. هەروەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

"... کەوتم و لە خۆشەویستیدا ڕزیم." (غەریب، ٢٠٠٩، ٦٣)

خۆشەویستی شتێکی نابەرجەستەیە، بەڵام بیری مرۆڤ بۆ ئەو شتانەی نابەرجەستەشن شێوە و فۆرمێکی تەنی و فیزیکییان لە بیردا پێ دەدا. لێرەدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە هەوڵی داوە بە شێوەی مێتافۆر خۆشەویستی و ڕزین پێکەوە گرێ بدات، بەمەش ڕۆنانی مانا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنەوە بۆ قسەکەر و گوێگر ئاسانتر دەبێت و تێگەیشتن و بەرجەستەکردنی بیری بۆی زیاتر دەبێت. ئەمە پەیامی یەکێک لەو عاشقانەیە لە یەکێک لەو باخچانەی کە کاکۆ و کارۆلین سەردانیان کردبوو؛ دەخوێننەوە. لە ڕووی بیرییەوە نووسەری پەیامەکە وا دێتە بەرچاو لە باری وەستاندا بێت و خۆشەویستییش وەکوو دەفرێک بێت ئەمی تێدایە، بۆیە لە ناو ئەو دەفرەی دەورەی دراوە ڕزیوە، ئەم بۆچوونەشمان بەوە پشتڕاست دەکەینەوە کاتێک باسی یەکێک دەکەین پەیوەندیی خۆشەویستیی هەیە؛ دەڵێین: لە نێو پەیوەندیی خۆشەویستیدایە. لە بیردا وا وێنا دەکرێت کە کەسەکە لە نێو شتێکی وەکوو دەفر وایە کە ئەم دەکەوێتە ناوەڕاستی کە ئەمەش لە زانستی هۆشەکیدا بوارێکی فراوانە و تەنانەت بووەتە تیۆرێکی سەربەخۆ کە "Image schema"یە، کە یەکێکە لە میکانیزم و ستراتیژ و ئامرازە باو و بەرکارەکانی بیری مرۆڤ لە ڕۆنانی واتادا. ئەوەی بووەتە یارمەتیدەر و دروستکردنی ئەو پەیوەندییە ئامرازی "لە"یە جووڵەی بەو بارە بەخشیوە، کەواتە ئامرازەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن بۆ ئەو بارانەی کە دروست دەبن و ئەو مانایەی بەو جۆرە ڕۆدەنرێن. لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"دا هاتووە:

"... خیانەت لە گوڵەکانەوە هاتن." (غەریب، ٢٠٠٩، ٦٤)

خیانەت شتێکی نابەرجەستەیە، ڕۆڵی جووڵەدار دەبینێت لە بیردا وەکوو تەنێکی فیزیکی وێنا کراوە. گوڵەکان شوێنگەی جووڵەدارەکەیە و وەستاوە و ئەوەی لە گوڵەکانەوە دەردەچێت لە جووڵەکردنە، ئامرازی "لە" بووەتە هۆکاری

جووڵەپێکــردنی جووڵەدارەکــە. ڤیڤیــان ئیڤانــس (Evans) دەڵێت: "لـە جووڵـەدار و نشینگە/شـوێنگەدا مانـای ئـەوە نییـە کـە هەمیشـە تەنەکـە دەجووڵێـت یـان مەرجـە بجووڵێـت، بەڵکـوو پێـوەری سـەرەکیی ئـەم ڕێکخسـتنە بیرییـە بریتییـە لـە ڕادەی بەدیارخسـتن و دەرخسـتن، دەکرێـت لـە دەربڕینـی ناجووڵەیـی و جێگیـر و وەسـفییش بـەدی بکرێـت" (Evans, 2013, 78). بـاری جێگیـری و جـووڵاو تەنیـا پەیوەسـت نییـە بـە وێنـە بیرییـە نابەرجەسـتەکان، بەڵکـوو نموونـەی بەرجەسـتە و هەبوونیـش دەکرێـت بـەشی جووڵـەداری ڕسـتەکەی لـە بـاری جێگیریـدا وێنـا بکرێـت وەکـوو ئـەو کاتـەی مـەلای گـەڕەک داخوازیـی زولێخـا لـە ئەڵـماسی هاوسـێی دەکا و بـە بیانـووی ئـەوەی دەنگـی زولێخـا هەسـتبزوێنە و بـۆ زیکـر ناگونجێـت، ئەڵماسیش ڕووشـکێن نییـە و پێـی دەڵێـت: "تـۆ ژن و منداڵـت هەیـە." (غەریـب، ٢٠٢١، ٤٠)

لــە ڕووی بیرییــەوە پەیوەندیــی نێــوان مــەلا و ژن و منداڵـەکانی جێگیـرە، بـەڵام لـە ڕوانگـەی ئەڵماسـەوە ڕۆنـراوە و بـە جۆرێـک ئاڕاسـتەی بەرانبـەر کـراوە کۆبیـری سـەرەکیی کارەکتـەر لەسـەر ژن و منداڵەکانیـەتی کـە دەبێتـە جووڵـەدار و مەلاکـەش دەبێتـە نشـینگە. هـەر هەمـان پەیوەندیـی نێـوان مــەلا و منداڵــەکانی بــە جیاوازیــی ڕوانگــە ڕۆنــانی ئەڵــماس دەتوانـرا بـە پێچەوانـەوە ڕۆبنرێـت و ڕۆڵگۆڕکـێ لـە نێـوان جووڵـەدار و نشـینگەکە کرابایـە، بـەڵام ئـەو کاتـە دەبـوو ژن و منداڵــەکانی مــەلا ئامــادە بووبــان و ڕووی دەمــی لــەوان بـا. کەواتـە ڕۆڵـی هەریـەک لـە جووڵـەدار و نشـینگە بـە جیاوازیـی ڕوانگـەی ڕۆنانـە بیرییەکـە دەگۆڕدرێـت.

ئــەو پەیوەندییــە لــە بیــردا ڕۆدەنرێــت مــەرج نییــە تەنیــا لــە نێـوان دوو تــەنی زینــدوو و جووڵــەداردا بێــت، بەڵکــوو دەکرێـت لایەنێکیـان تەنێکـی نازینـدوو و نەجـووڵاو بێـت، وەکـوو لـە ڕۆمـانی "کەوتنـی ئاسـمانەکان"دا، ئـەو کاتـەی خوبەیـب و ئاسـۆ کـە بـە ڕێـگاوەن بـۆ هەولێـر و ڕوو دەکەنـە دێیـەک و لـە خانووێکـدا تەنیـا پیرەژنێـک دەبینـن و پرسـیاری کەسـوکارەکەی دەکـەن و ئەویـش دەڵـێ: سـاڵانێکە مێردەکـەی مـردووە و کوڕەکـەشی بـە دەسـت ئاماژە بـۆ شـوێنێک دەکات کــە لەوێیــە. خوبەیــب دەپرســێ: "ماڵــی خــۆی هەیــە؟" (غەریــب، ٢٠٢١، ٢٨٤)

لــە لای خوبەیــب کۆبیــری ســەرەکی لەســەر ماڵــە و هــەر چەنــد مــاڵ تەنێکــی فیزیکیــی وەســتاوە، بــەڵام ڕۆڵــی جووڵـەدار دەبینێـت. "ئـەو" دەبێتـە نشـینگەی جووڵەدارەکـە، ئەمــەش ئەوەمــان بــۆ دەردەخــات لــە بیــردا ئــەوەی دەبێتــە جووڵــەدار پەیوەســت نییــە بــە جووڵــەی تــەن، بەڵکــوو پەیوەسـتە بـەو ڕوانگـە ڕوانیـن و ئـەو گۆشـەیەی ڕوانگـەی لـێ ڕۆدەنرێـت.

**ئەنجامەکان:**

١. ڕوانگــەی بیرڕۆنــان وەک تیۆرێکــی دیــاری ڕەخنــەی هۆشــەکی گرنگــی دەدات بــەو پرۆســە بیرییانــەی کــە نووسـەر لـە دەقەکەیـدا ڕوانگەکـەی پـێ ڕۆنـاوە، وەکـوو ڕێبـاز و قوتابخانەیەکـی هاوچـەرخ گرنگـی بـە چۆنیەتیـی دروسـتبوونی مانـا لـە بیـردا دەدات بـەر لـەوەی ئـەو مانایـە بـە زمـان دەربـڕێـت، لـە ڕێگـەی زمـانی دەقـەوە بـەو پرۆسـە بیرییانـە دەگات.

٢. میکانیزمـی دەرخسـتن یەکێکـە لـە میکانیزمـە سـەرەکی و بەربــڵاوەکانی ڕوانگــەی بیرڕۆنــان کــە مــرۆڤ وەک ئامرازێــک بــۆ ڕۆنــانی ڕوانگــە و مانــا بەبەرداکــردنی دیمەنێــک یــان دۆخێــک یــان ڕووداوێــک پەنــای بــۆ دەبـات لـە ڕێگـەی توخمـە پێکێنـەرەکانی وەکـوو: (تـەن و بنکــە، درکــەی گــۆڕانی بەدیارخســتن، جووڵــەدار و نشـینگە، بـاری جێگیـر و بـاری جووڵەکـردنی جووڵـەدار).

٣. ئـەم گوتانـەی کـە لـە دەقـی ڕۆمانـەکانی جەبـار جەمـال غەریبــەوە وەرگیــراون، هەریەکەیــان ڕوانگــەی ڕوانینێکــی بیرییـان نیشـان داوە و لـە ڕێگـەی میکانیزمـی دەرخسـتن بــە توخمــە پێکهێنەرەکانیــەوە بــەو ڕوانگــە بیریانــە گەیشـتووین و نیشـان دراوە چـۆن ڕۆماننـووس لـە ڕێگـەی توخمــی گێڕانــەوەوە ڕوانگــەی بیــرەکانی ڕۆنــاوە و زۆر جاریـش بگێـڕەوە لـە گێڕانـەوەکانی ڕۆمانەکانیـدا لەسـەر زمـانی کارەکتەرەکانـەوە ڕووداوەکانی گێڕاوەتـەوە، ئەمـەش وای کـردووە کـە هەسـت بـە فرەدەنگـی لـە ڕۆمانەکانـدا بکەیـن و لـە نزیکـەوە ڕوانگـەی بیرڕۆنـانی کارەکتـەرەکان

ڕۆبنێینــەوە.

٤. هەمــوو ئــەو ڕوانگــە بیرییــە ســەرەکی و لاوەکییانــەی دیــاری کــراون لــە ڕۆمانــەکان و هەروەهــا ئــەوەی ڕۆمانــووس مەبەســتی بــووە کۆبیــری بخاتــە ســەر، یــان ئەوەتــا کەمــتر کۆبیــری بخاتــە ســەر؛ دیــاری کــراون، بــەوە گەیشــتووین کــە هــەر لادان و شــوێنگۆڕکێیەک لــە هــەر شــوێنێکی ڕســتەی دەربڕینــدا کرابێــت، مەبەســتێکی ڕۆنــانی بیریــی لــە پشــتەوە بــووە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١. غەریـب، جەبـار جەمـال (٢٠٢١)، بنوسـە خوێـن، چاپـی یەکـەم، چاپخانـە و بڵاوکردنـەوەی ناوەنـدی فێربـوون، هەولێـر.

٢. غەریـب، جەبـار جەمـال (٢٠٠٩)، پێنجەمیـن کتێـب، چاپـی یەکەم، چاپخانـەی خـانی، دهۆک.

٣. غەریــب، جەبــار جەمــال (٢٠١٨)، ســەردەمی گریــانی بەڵقیــس، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ئەندێشــە، ســلێمانی.

٤. غەریــب، جەبــار جەمــال (٢٠٢١)، کەوتنــی ئاســمانەکان، چاپــی دووەم، چاپخانــە و بڵاوکردنــەوەی ناوەنــدی فێربــوون، هەولێــر.

٥. غەریـب، جەبـار جەمـال (٢٠٢١)، لـە سـەر بـاران دەنووسـم، چاپـی دووەم، چاپخانـە و بڵاوکردنـەوەی ناوەنـدی فێربـوون، هەولێر.

٦. غەریــب، جەبــار جەمــال (٢٠١٣)، نەتــەوەی زێرابــەکان، چاپــی یەکــەم، چاپخانــە ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

٧. موکریـانی، کوردسـتان (٢٠٠٤)، سـینتاکسی ڕسـتەی تێکـەڵ، دەزگای ئـاراس، هەولێـر.

٨. گـەردی، عەزیـز (١٩٧٥)، ڕەوانبێـژی لـە ئـەدەبی کوردیـدا، بەرگـی یەکـەم، دووەم، سـێیەم، چاپخانـەی شـارەوانی، هەولێـر.


**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


1. Badio, J. (2011). *Construal of events and attention in philosophy, psychology and cognitive linguistics*. Kwartalnik Neofilologiczny.
2. Baldick, C. (2001). *The Oxford Concise Dictionary of Literary Terms*. Oxford: Oxford University Press.
3. Blank, A. and Koch, P. eds., (2013). *Historical Meaning and Cognition* (Vol. 13). Walter de Gruyter.
4. Casad, E. H. (1995). Seeing it more than one way. In J. R. Taylor & R. E. MacLaury (Eds.), *Language and the cognitive construal of the world*, (pp. -23 49). Berlin: Mouton de Gruyter.
5. Cave, T. (2016). *Thinking with Literature: Towards a Cognitive Criticism*. Oxford: Oxford University Press.
6. Chloe, H. and Stockwell, P. (2013). 'Cognitive poetics', in J. *Littlemore and J. Taylor (eds) Companion to Cognitive Linguistics*. London: Continuum.
7. Chloe, H., Louise N., Stockwell. P. and Yuan, W. (2013). *Cognitive Grammar in Literature. Linguistic Approaches to Literature* 17. Amsterdam/ Philadelphia: John Benjamins.
8. Chloe, H., Louise N., Stockwell. P. and Yuan, W, eds. (2014). *Cognitive Grammar in Literature. Linguistic Approaches to Literature* 17. Amsterdam/ Philadelphia: John Benjamins.
9. Chloe, H. (2017). *Cognitive Grammar in Contemporary Fiction*. UK: John Benjamins.
10. Croft, W. (1993). The role of domains in the interpretation of metaphors and metonymies. *Cognitive Linguistics* 370-335:(4) 4.
11. Croft, W. & Cruse, D. A. (2004). *Cognitive Linguistics*. Cambridge: Cambridge university Press.
12. Dewell, Robert B. (2007). Why Monday comes before Tuesday: The role of a non-deictic conceptualizer. *Southern African Linguistics and Applied Language Studies* 301–291 .(3)25.
13. Evans, V. (2013). *Language and Time: A Cognitive Linguistics Approach*. Cambridge University Press.
14. Geeraerts, D., ed. (2006). *Cognitive Linguistics: Basic Readings*. Berlin: Mouton de Gruyter.
15. Geeraerts, D., & Cuyckens, H. (2007). *The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics*. Oxford: Oxford University Press.
16. Gibbs, R. (1994). *The Poetics of Mind: Figurative Thought, Language, and Understanding*. New York and Cambridge: Cambridge University Press.
17. Hilferty, J., 2001. *Cognitive Linguistics: An Introductory Sketch. A: LORENTE, M.*
18. Holme, R. (2009). *Cognitive Linguistics and*

Language Teaching*. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

19. Joanna G. and Steen. G. (2003). *Cognitive Poetics in Practice*. London: Routledge.
20. Langacker, R. (1987). *Foundations of Cognitive Grammar, vol. 1, Theoretical Prerequisites*. Stanford: Stanford University Press.
21. Langacker R. (1990). *Concept, Image, and Symbol: The Cognitive Basis of Grammar*. Berlin, New York: Mouton de Gruyter.
22. Langacker, R. (2008). *Cognitive Grammar: A Basic Introduction*. Oxford: Oxford University Press.
23. Langacker, R. (2013). *Essentials of Cognitive Grammar*. Oxford: Oxford University Press.
24. Möttönen, T. (2016). *Construal in Expression: An Intersubjective Approach to Cognitive Grammar*, PhD. Finland: University of Helsinki.
25. Radden, G. and Dirven, R. (2007). *Cognitive English Grammar*. Amsterdam: John Benjamins Pub.
26. Stockwell, P. (2002). *Cognitive Poetics: An introduction*. London and New York: Routledge.
27. Stockwell, P. (2009). *Texture: A Cognitive Aesthetics of Reading*. Edinburgh: Edinburgh University Press.
28. Tamly, L. (1988). The relation of Grammar to Cognition. In B. Ruzdka Ostyn (ed.) *Topics in Cognitive Linguistics*. Amsterdam: John Benjamins, pp. 205-165.
29. Talmy, L. (1991). Path to Realization: A typology of Event Conflation. *Berkeley Linguistics Society*, 17, pp. 519–480.
30. Talmy, L. (2000a). *Toward A Cognitive Semantics*, Volume1: *Concept Structuring Systems*. Cambridge, MA: MIT Press, John R. (1995). *Linguistic Categorization: Prototypes in Linguistic Theory*. Clarendon Press
31. Taylor, John R. (2002). *Cognitive Grammar*. Oxford: Oxford University Press.
32. Tsur, R. (1983). *What is Cognitive Poetics*? Tel Aviv: Katz Research Institute for Hebrew Literature, Tel Aviv University.
33. Tsur, R. (1992). *Toward a Theory of Cognitive Poetics*. Amsterdam: Elsevier.
34. Turner, M. (1996b). *The Literary Mind*. New York: Oxford University Press.
35. Ungerer, F. and H.-J. Schmid. (2006). *An Introduction to Cognitive Linguistics*, 2nd ed., Har-low: Pearson Longman.
36. Van Hoek, K. (2007). *Anaphora and Conceptual Structure*. Chicago: University of Chicago Press.
37. Verhagen, A. (2007). Construal and perspectivization. In D. Geeraerts & H. - Cuyckens (Eds.), *Oxford Handbook of Cognitive Linguistics*. (pp. 81-41). Oxford: Oxford University Press.
38. (https://www.etymonline.com/)

**الملخص**

هـذه الدراسـة بعنـوان (العمليـة النظريـة وآليـة الـبروز في روايـات جـمال جبـار غريـب: دراسـة نقديـة معرفيـة) هـي محاولـة لتحليـل وإظهارالتأويـل وآلياتـه المسـتخدمة في وضـع المفاهيـم. التأويـل هـو الطريقـة التـي يتـم بهـا تصويـر المشـهد وتفسـيره وتصـوره في الاعتبـار، ومـن ثـم يتـم التعبـير عـن معنـاه ونقلـه في اللغـة المنطوقـة و/ أو المكتوبـة. المدرسـة المعرفيـة، عـلى عكـس المـدارس والمناهـج الأخـرى، مـن خـلال المنتـج (اللغـة) يدخـل ذهن/فكـر مسـتخدم اللغـة (المتحدث/الكاتـب) لفحـص وإدراك كيفيـة حـدوث عمليـات البنـاء والتفسـير والمعنـى أولاً. تتعامـل مدرسـة النقـد هـذه مـع عمليـات وضـع المعنـى في الاعتبـار، بـدلاً مـن معنـى المنتـج الذهنـي (اللغـة). في هـذه الدراسـة، يتـم شرح التأويـل، كـما يتـم عـرض ظهـوره وانتقالـه مـن علـم اللغـة إلى الأدب وأنواعـه. لقـد حـدد مؤسسـو وعلـماء المدرسـة المعرفيـة والنقـد المعـرفي بعـض العمليـات والآليـات للتأويـل مـن بينهـا الـبروز. موضـوع هـذه الدراسـة هـو آليـة الـبروز التـي تطبـق بـكل عناصرهـا المكونـة عـلى روايـات جـمال جبارغريـب.

**الكلمات المفتاحية**: التأويل، النقد المعرفي، البروز، المعنى والفكر

## Abstract

This study entitled (**The Construal Operation and Mechanism of Prominence in Jamal Jabar Gharib's Novels: A Cognitive Criticism Study**) is an attempt to analyze and manifest Construal and its mechanisms used in conceptualization. Construal is the way a scene is depicted, construed and conceptualized in mind, and then its meaning is expressed and communicated in language spoken and\or written. Cognitive school, unlike the other schools and approaches, through the product (language) enters mind\thought of the language user (speaker\writer) to examine and realize how the construal and meaning construction processes take place first. This criticism school deals with the processes of meaning making in mind, rather than mind product (language) meaning. In this study, construal is explained, its emergence and transference from linguistics to literature and its genres are also presented. The founders and scholars of Cognitive School and Cognitive Criticism have determined some operations and mechanisms for construal, one of which is Prominence. The theme of this study is the mechanism of prominence that with all its constituting elements applied to Jamal Jabar Gharib's Novels.

**Keywords**: *Construal, Cognitive Criticism, Prominence, Meaning and Thought*